داستانی :

# بەشیر موشیر



ئەو سەرۆکەی:
نە درۆی کردوە، نە راستی وتوە

***

کامیل ژیر

بەو هۆیەوە کە مێردمنداڵێکی جوان و بازوەکانی بەهێزبوون و لەزۆرانبازیشدا پشتی نەئەدرا لە زەوی، کوڕوکاڵانی گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی، وەک سەرۆکی گەڕەک، تێیان ئەڕوانی. لە شەڕەگەڕەکیشدا لەپێش هەموویانەوە شەڕیئەکردو هەمیشە، گەڕەکی سەرشەقام، براوەبوو، تەنیا جارێک خەریکبوو بشکێن، چونکە بەشیر بەشدار نەبوو، بەڵام کە هەواڵی پێگەیی، خۆی گەیاندە شەڕەکەو ورەیانی بەرزکردەوەو بەرامبەرەکەیانی شکاند. نەشیکردبوو بەنەرێتێک بۆخۆی کە دارولاستیک و قۆچەقانی و تێلاّ هەڵگرێ، بەڵکو ئەو بەردانەی بۆیئەهات، ئەیگرتنەوەو بەجۆرێک ئەیهاویشتنەوە کە هەرجارەی یەکێکی ئەگلاند! هەرچیشی بەردەست بکەوتایە، ئەیدا بەزەویداو پشتی لە ئەرز ئەدا!.

ئا بەوجۆرە، رۆژانی سەردەمی هەرزەکاریی خۆی بۆئەگێرایەنەوە.

ئەشێ هەر ئەم هەڵکەوتەیەشی، هاندەرێک بووبێ بۆئەوەی، بەشیر، هەمیشەو لە هەر جێیەک ،خۆی بە سەرۆک بزانێ، بۆ ئەم مەبەستەش، بواری پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆی، لە سەربازیدا ئەبینییەوە، بۆیە پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی سەربازی، ساڵی 1896 لەتەمەنی 17 ساڵیدا خۆی ناونووسکرد بۆخولێکی زەفتێ و هەرلەو خولەدا فێری خوێندنەوەو نووسینیشبوو. دوای چەند ساڵێک، راژەکەی خۆی گواستەوە بۆناو سوپاو بە ئاواتی سەربازی گەیشت. ئیتر هەر لەساڵی یەکەمەوە، بوە جێگە سەرنجی فەرماندارەکانی، بەجۆرێک هەر ساڵەو پلەیەک پێشیانئەخست، چونکە لە شەڕەکانی سوپای عوسمانیدا بەرامبەر نەیاران، جارلەدوایجار نەبەردییەکی زیاتری ئەنواند، تا لەماوەیەکی کەمدا گەیشتە پلەی زابت قوماندانی!.

ئەو، وەک ئازابوو، هونەری شەڕیشی باش ئەزانی، بەڵکو هەندێجار خۆی نەخشەی وای دائەنا کە جێگەی سەرسوڕمانبوو، سوودیشی لە رووداوە دێرینەکانی کورد وەرگرتبوو. لە ناوچەیەکی شاخاوی بەردیندا، سوپایەکی گەورەی نەیارانی خستە کەمینێکەوەو لە لوتکەی شاخەکانەوە، خۆی و

بەشیر:دەرزی و مەرزیی چی! من کە گرتمیان ئەشکەنجەدرام
ئەو گرتنەبوو کاریتێکردم،لەهۆشیخۆمچووم،کەوتم وگلام
مەیل دیسان مەیل دڵ پڕە لەمەیل، دڵ کەیلە لەخەم لەبەر مەیلی لەیل
لەیلی من وەتەن منم مەجنوونی، هەردوولا تووشبووین کزی و زەبوونی
وەرزێر: دەی تەواویکە، هۆنراوەی چاکە
بەشیر: خەریکە ئەمرم! لێمگەڕێ کاکە
سوجادی:دەی تەواویکە، تۆزێ پەلەکە
با هەر شەقبەرێ ورگزلەکە
بەشیر: لەیلی من مریەم، منم مەجنوونی، ئەوا من ئەمرم، ئەو بەمەحزوونی
دێتە سەر گۆڕم، دەس بەگوڵەوە، بە کامی هەست و جۆشی دڵەوە
ئەرێژێ ئەسرین بۆ گەورەی کوردان، بەڵێنبێ مریەم، شاجوانی جیهان
لەو دنیاش ئەگەر زیندووبوومەوە، بۆ کوردو بۆ تۆ تێهەڵبچمەوە.

<u>زمانی لەگۆکەوت و چاوەکانی لێکناو ئەو چرایەمان کوژایەوە!</u>



سەربازەکانی، لە نیوەشەودا، گابەردیان ترۆلئەکردەوە بۆ ئەو دۆڵەی سوپاکە مۆڵی خواردبوو تیایدا، وەک ئەوەی کورد بە سوپاکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی کرد لە کوردستانداو سەدانیان لێکوشتن. لە چەند شەڕێکیتردا، وەک نەبەردییەکەی دوازدە سوارەی مەریوان، بە ژمارەیەک سەربازی کەمەوە، ئابڵووقەی سوپای گەورەی دوژمنیان ئەدا، پێشتریش سەربازەکانی وا فێرکردبوو کە وەک حیلەی ئەسپ و زەڕینی کەرو وەڕینی سەگ و بە هەیت وهاوارو دەنگی کەڕەنای و گرمەی تۆپ و تەپەی تەپڵ و تەقەی توفەنگ، ورەیان بە سوپای دوژمن بەرئەداو راویان ئەنان و ئەیانشکاندن. جارێکیش بەرەوڕووی سوپایەکی گەورەی ئنگلیز بوەوە کەژمارەیان لە هەزار زیاتربوو، ئەم تەنیا سی سەربازی لەگەڵدابوو، روانی سەربازەکانی خەریکە ورە بەرئەدەن! وتی: مەترسن، هەموو لەپەوڕوو خۆتان بدەن بەسەر زەویداو یەکی خاکەنازێک بگرن بەڕووتانەوەو بەدوای مندا بە سنگە خشکێ خۆتان بکشێنن بەرەو ئەوان، هەر گولەیەکتان بۆهات خاکەنازەکەی بدەنە بەرو بەدەستەکەی ترتان تەقەیان لێکەن. ئنگلیزەکان هەرچەند وەک باران گولەیان ئەباران، بەڵام بێهوودەو تووشی سەرسوڕمانبوون و لە ئەنجامدا بەجۆرێ شکان کە سەدان لاشەو چەکی قورس و سووکیان لەپاش بەجێما! کەچی سوپای عوسمانی لەجیاتی ئەوەی بۆئەمەش خەلاتیکەن، گواستیانەوە بۆ بەشی بەرگدروێتی!!

- بۆ!؟

+ چونکە لەوە ترسان ئەم زابتە کوردە بلیمەتە،لەماوەیەکی کەمدا، بگاتە پلەی موشیر کە بەرزترین پلەی سەبازیبوو،دواییش هەڵگەڕێتەوە بەسەریاندا،یاسەربەخۆیی کوردستان راگەیەنێ و ریسەکەی مەلای خەتێ و مەلا ئدریسی بەتلیسی بکاتەوە بە خوری!

ئنجا وتی: منیش لەبەرئەوەی کەسێکی شیاوبووم بۆ موشیری ، هەر بەو پلەیە گەیشتم . ئەوەتا ئێستا نەتەوەکەی خۆم، بە( بە شیر موشیر) ناوم ئەبا.ئەوانیش با هەر سەری خۆیان لەبەرد بدەن!.

***

کەسی بلیمەت، لەهەر جێیەکبێ، بلیمەتیی خۆی ئەنوێنێ، بەشیر موشیر لەماوەیەکی کەمدا لەو کارگەی بەرگی سەربازییەدا، بوو بە وەستا باشییەکی ئەوتۆ، ئەفسەرە گەورەکان ئەهاتن بۆلای، بەتکاوە داوای ئەوەیان لێئەکرد بە مەقەستە زێرینەکەی خۆی، بەرگی ئەفسەرییان بۆ ببڕێ و بۆ بدروێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو وایلێهات لە دروونی بەرگی سڤیلیشدا وێنەی نەبوو. دوای ماوەیەکی کەمیش، بوو بە سەرۆکی ئەو بەشی دروومانکارییە! بەڵام ئەو هەر چاوی لەوەوەبوو کە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی جەنگ وەک موشیرێک، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ ئەوەش کە نەتەوەکەی لە ژێردەسێتیی بێگانە رزگارکا، چونکە ئەوە ئەرکی سەرشانیەتی وەک سەرۆکی هەموو کورد!، پێشیوابوو ئەو ئەرکە بە ئەفسەرێکی پاڵەوان و پلەبەرزی بلیمەتی وەک خۆی ئەکرێت! بۆ ئەو گەڕانەوەیەشی بۆ مەیدانی جەنگ، سووکە بەڵێنێکیان پێدابوو، بەڵام بەخت یارینەبوو!

- بۆ !؟

+چونکە جەنگی جیهانیی یەکەم، بە هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی، کۆتاییهات!

***

دوای ئەو جەنگە، زوربەی ئەفسەرو پلەدارە کوردەکانی خەڵکی باشووری کوردستان، تورکیایان بەجێهێشت، بەڵام بەشیر موشیر، پێی نەبوو ئەستەموڵ بەجێبهێڵێ! چونکە دوچاری ئەوینی کچێکی دانیشتووی ئەستەموڵ بووبوو! ئەو کچە کە ناوی مریەم بوو، بە رەگەز خەڵکی یۆنانبوو، وا هاتبوە بەرچاوی بەشیر، کە لە جوانیدا دەگمەنەو لە ناوبانگدا وەک مریەمی مەجدەلیەو لە دانایيدا نەوەی ئەفلاتوونە! کەواتە هەرئەبێ کچێکی لەوجۆرە ببێتە هاوسەری بەشیری موشیرو بلیمەت و سەرۆک!

مریەم، کچی ئامری ئەو لیوایەبوو کە بەشیر ئەفسەربوو تیایدا، لە یەکێک لەو ئاهەنگە خێزانیانەدا کە بۆ خەڵاتکردنی بەشیرو ئەفسەرە ئازاکانیتر



سوجادی:بەشیر غیرەتێ، ئە ئاوا ئەتوت ئنگلیزم بەزان؟
مەجید:دەس بنووقێنە
وردی:وەرزێر تۆ وەرە، ئادەی یەکەگیان
تۆزێ یارمەتیی مەجیدم بۆ بەن، خۆ ئێوە کوڕن
بەشیر:وردی بەسێتی، بۆچی تۆو مەجید گا سەرئەبڕن!؟
مەجید:دیسان هەر نەیگرت، هەر پێئەکەنن! ئێوە نایەڵن
تکایە تۆزێ دووربکەونەوەو بەجێی بهێڵن
ئێستا تەواوە، ئەها چییانکرد!وەستاگیان هەستە
ئادەی دانیشە، ئەم دەسەت لادە، بینە ئەو دەستە
نا نا ئەم دەستە، دە تۆزێ هەستە
بەرزیکەرەوە ئەو دەستەی تریش
بەشیر مەجوولێ، ئنجا قاچێکیش
دەی دەی بە شیرگیان ، ئەو قاچەی کەشتان!
بەشیر:چی چی وتت چی؟ کافری شەیتان!؟
سوجادی:بەشیربالگرە، بەشیر بفرە، وردی مەجیدیش وەکو خۆت شرە !
مەجید : ئەڵێم هەردووکیان
بەشیر:  ئنچەب ! یا شەیتان
سوجادی:دەرزیلێدانە یا ئاوەڕووتە! ئەمیش نەکوژێ ئەم شەیتانلووتە!
بەشیر: بڕۆ دەی سیکتر، دەرزیم لێمەدەن
دەرزی لێدانبوو، یا کردن بە پەن !!
من کەی نەخۆشم ! جێ داروشەقی ئەوگەوادانە
هیلاکی کردووم،سەرتاپاجەستەم ئازارو ژانە
ئەمجارە ئەمرم، بەرگە ناگرم
گوڵە: خوانەکا خوایە
وردی:ماندووی رێگایە
وەرزێر:نەخێر نا گیانە، هی دەرزییەکانە

بەشیر:ڕۆحەکەم ئێستا من زۆرنەخۆشم،خەریکە ئەمرم، ئەیتۆنازانی چەندیان لێداوم؟

سوجادی:بابا ئەزانم،خوانەکا، چیتە!؟ کوڕینە هەستن بێن بەلایەوە ئادەی وردی گیان

ڕاکە پزیشکێ، یابرینپێچێ بێنەبۆئێرە، باسەیریبکا، یادەرزیی لێدا، یاداوودەرمان

بەشیر:یاران وەسێتە، کەمردم گردی یارە جێگامبێ،لەوێ بمنێژن
ئەمجارە دەردم دیارە کارییە، کەمردم ئەسرین بۆمن مەڕێژن
لەباتی ئەسرین بانگی یەکێتی وبرایی بدەن
شەڕی ناوخۆیی وئەم چین وئەوچین لەگەڵ یەک مەکەن
ئێوە هەمووتان زۆرلێکراون، ئێوە هەمووتان بێپایەو ناون

مەجید:قۆڵت هەڵماڵە با دەرزیت لێدەم، دوائیەوە بنوو ئارام و بێخەم
من کە دوکتۆری دەرزی لێدانم، کێ هەیە وەک من دەسی وا سووکبێ!
هەتا ئێستاکە نەمدیوە هیچکەس ، دەسی وەکو تۆ ئاوا بێ تووکبێ!
وەستا هەستە پێ، دەماری دەستت خۆیشاردۆتەوە
وەستا دانیشە، کاکە هەڵمەسە هەرلەخۆتەوە
کێ دەستی وەکو دەستی من سووکە، بەڵام بڵێمچی لەم هەموو تووکە!

وەرزێر:کاک مەجید ئەڵێن تۆ دەرزیت داوە لەژێر زمانی دایکی رەحمەتیت، ئەویش مردوە!

مەجید:شتێوانیە، دایکم خۆی نەخۆش،خۆی پەرێشانبوو،خەڵکی چووزانن دایکم کوشتوە!؟

وەستا بەشیرگیان چی تازە هەیە کتێبی کوردی؟
بەشیر: وازم لێبێنە، دەرزی لێنادەم ، پێبیڵێ وردی
وردی : مامۆستا، وەرزێر بەگاڵتەیەتی، مەجید چاکترین دەرزی لێدەرە
ئادەی یەکەگیان، بچۆ ژێربالّی، وەرزێر خۆتلادە، دەی مەجید وەرە



سازکرابوو بە بۆنەی نەبەردییەکانیانەوە، باوکی مریەم، یەکی مەدالیایەکی نیشانەی ئازایەتیی بە سنگی ئەو ئەفسەرانەوە کردو مریەمی جوانکیلەو ئێسکسووکیش یەکی چەپکێ گوڵی پێشکەش کردن. ئنجا بوو بە گۆرانی و مۆزیکاو دانس و هەڵپەڕین و خواردنەوە. واڕێکەوت لەو ئاهەنگەدا تەنیا بەشیرو ئەفسەرێکی خەڵکی بەغداد بە سەڵتی بەشداریی ئەو ئاهەنگەیان کرد، ئەوانیتر بە خێزانەوە. لەکاتی گۆرانی و هەڵپەڕین و دانسەکاندا، بەشیر بە گۆرانیی ساقی دەرویشان و بەغدادییەکەش بە یومە یا یومە، هۆڵەکەیان پڕکرد! بەشیر هەر لەو ئاهەنگەدا، کەوتە ئەو باوەڕەی، سازکردنی ئاهەنگەکە، بۆئەوەبوە مریەمی جوانکیلە، چەپکە گوڵی خۆشەویستیی خۆی پێشکەش بە بەشیری بلیمەت بکات! بۆیە لە نیوەی دوەمی ئاهەنگەکەدا، بەشیر، دوای ئەوەی سەری گەرمبوو، ئەفسەرە بەغدادییەکەی لێبوو بە مریەم! کە دانس دەستپێبکردەوە، ئەویش ئەفسەرەکەی هەستان و ویستی دانسێکی لەگەڵدا بکا. سەرەتا بە دەستێکی، کەمەری گرت و دەستەکەیتری ئەهێنا بە سەرو شانیدا! بەڵام چونکە دانسیان نەئەزانی، کەوتنە مەشقی سەربازی!(چەپ راست، چەپ راست) بەناو هۆڵەکەداو کردیان بە گرمە گرمێک، سەرنجی ئاهەنگ گێڕەکانیان بەجۆرێک بەلای خۆیاندا راکێشا کە هەموو کەوتنە پێکەنین و چەپڵەلێدان بۆیان. لە هەموویان زیاتر، مریەم چەپڵەی لێداو پێکەنی!! بەشیر بەئاگا هات و کە بینیی مریەم چەپڵەی بۆلێئەدا، ئەوەندەیتر شەیدای مریەم بوو!.

هەر بەهۆی ئەو ئاهەنگەشەوە، بەشیرو ئەو ئەفسەرە، بوون بە برادەرو هەردوکیان، دوای جەنگ، ماوەیەک لە ئەستەموڵ مانەوە. کاتێکیش ئەو پاشەکەوتەی لە سەردەمی سەربازییەکەیاندا کۆیانکردبوەوە، هاتە کزی، بەناچاری هەردوکیان ئەستەموڵیان بەجێهێشت و بەهاندانی برادەرەکەی، بەشیریش روویکردە بەغداد. بەڵام دڵی هەرلای مریەم بوو!. خۆشەویستیی مریەم بەجۆرێ لەناخی بەشیردا جۆشیسەند، شەونەبوو خەوی پێوەنەبینێ، بەرۆژیش، دەیانجار، تارماییەکەی مریەم، ئەیرفان بۆ دەریای خەیاڵ. بەشێکی بیریشی هەر لایئەوەبوو کەی نەتەوەکەی رزگارکات!؟ بەتایبەتی ئەو، کوڕی

ئەو ڕۆژانەبوو کە بەبێ پرسی کورد، باشووری کوردستان کرا بە ژێردەسەی عێراقی عەرەبی!. ئەم دوو خولیایە بەڕادەیەک کاریان تێکرد، بەشیریان زیاترکرد بە کەسێکی ئەفسانەیی خەیاڵاویی تایبەت، بەجۆرێک خەوو خەیاڵی لێئەبوو بە راست! ئەو رووداوانەی بە خەو ئەیبینی، یا ئەچوە چواچێوەی خەیاڵییەوە، دوایی لێیئەبوو بەڕاست! بەلایەوە سەیربوو کەسێک باوەڕی پێنەکات! یا بەدرۆیبخاتەوە! کەواتە ئەو، بەباوەڕی خۆی، درۆینەئەکرد گەرچی رووداوەکە درۆشبوایە!بەدەربڕینێکیتر، بەشیر کەسێکی درۆزن نەبوو، بەڵکو زۆریش رقی لەکەسی درۆزنبوو. کەسی درۆزن ئەوەیە خۆی بزانێ درۆئەکا، کە ناڕاستییەکە بەلایەوە راستبوو، ئیتر پێی ناوترێ درۆزن. بۆیە ئەو نە درۆیکردوە، نە راستی وتوە. لەمەوە، بەشیر بوو بەخاوەنی ژیانێکی پڕ لە کۆمیدیا! بەبێئەوەی بەخۆیبزانێ، واتا ئەو بۆ پێکەنین قسەینەئەکرد، بەڵکو بەلاشیەوە *سەیربوو* کە خەڵکی بەقسەکانی ئەکەوتنە پێکەنین!. ئەم بارە دەروونیە، هەرهی بەشیرنەبوو، دۆنکیشۆتی بەناوبانگیش هەروابوو، هەڵبەت کەسانی دەگمەنیتریش لەوجۆرە هەبوون، بەلام لەسەریان نەنووسراوە.

دانیشتن لەدەرباری بەشیردا، زانینی ئەویست. ئەبوایە ئەو چۆن لەخۆیگەیشتبوو، تۆش هەر بەوجۆرە لەوت بڕوانیایە! واتا وەک سەرۆکی کورد، فەیلەسوف، ئەدیب، هۆنیار، عەسکەری، بلیمەت،موشیر، قۆزو هەلکەوتوو سەیرت بکردایە، هەرچیی ئەوت، چونکە بەلای خۆیەوە راستبوو، ئەبوایە تۆش بەڕاست وەرتگرتایە! ئەوی ئەو رێوڕەسمەی نەزانیایە، خۆی بەدەرکردن ئەدا!

***

لە بەغداد، چوەوتێل عەلەمەین لە شەقامی رەشید بەرامبەر مزگەوتی حەیدەرخانە، دوو دوکان خوار ئەو وتێلە، دوکانێکی بە کرێ گرت بۆ کاری بەرگدروێتی. تابلۆی سەر دوکانەکەی بە عەرەبی نوسرابوو. ئەمە کوردییەکەیەتی ( بەرگدرووی مڵکی و سەربازی – خاوەنی مەقەستی زێرین – بەشیر موشیر).



+موشیر ئەڕوکن ، کولیەت ئەرکان

-لیئەیی حیزبین عەدو *تەنتەمی ؟ ئەو حیزبلئەحباب؟*

+ئینەنی فەوقە ئەیی ئیتیجاە، میول،وە ئەحزاب !

-ئەلەم تەقول لی : رەئیس ئە لئەکراد !؟

+جەمیعلقەوم،ئەحزاب،وەئەفراد

-ما هوە حیزبەک؟ مەن هوم ریفاقەک، مایفیدەک حیەل،لا تدوەخ راسی

+ ئیبنی،لایەجوز،ئەمیل لیجیهە،ئەتروک ئاخەرین،ئەفراد ئەلقەوم کولها سەواسی

*-عەمی ئعتەرف، تەرا ئەضوربەک،ئەقطەع ئەیادیک، ثومە ئەزبەک بیحەوضلئەسید*

*+ئانی مائەکذب، ماعیندی وەجهەین ،ئینەنی بەشیر!ئیذا تەقتولنی، سە ئەکون شەهید*

*-ئنتە موخەبەڵ ؟ لەو تقەشمرنی!؟ئەوەکلەک خەرە، هنا مو محەل قەشمەر وەمەزاد*

*+عەجیب وەغەریب! لێش ماتفتەهم؟ ئنتە ئەدەبسز،خەرەبجەلگەک،تەرەس یا گەواد*

*-تەعال یاجەللاد،هاذە موخەبەڵ،*بەعدە ضەربیهی، خەلی یوەلی

هوە راح یموت! یرەیح بالی

*لیەکون دەرسا لیکولل ئەکراد،*جحوش *ئەم ریفاق،*حیزبی،موستەقل

*عەمیل عراقی، ئەوئینفیصالی*

***

*گەڕایەوە دوکان*

سوجادی:چیە مامۆستا ؟خەوئەتباتەوە!یالەخەیاڵای،ئەمڕۆزۆرخراپ دێیتە بەرچاوم!

لەبازاڕێکی بەبێ موغازەو بەبێ ئامێری بەرهەمی زۆرو بێ بانکی پارەو
بێ سکەو زێڕو بێ سەرمایەدا، شەڕی دوو چینی نەبووتان گڕدا
لەو پێناوەدا، بێ پرسینەوە، بەشێکی زۆری هێزو وزەتان لە کێشە گەورەی
نابووت و دارا لەبیرولەش و بازووی نەتەوە داتاشی و بردا !
لە کێڵگەی دوورا چارەتان ئەدی،بەبێبایەخی لەخاکی خۆتان وردئەبوونەوە
جگەرگۆشەتان ئەکرد بەقوربان ئافەرینێکی گاڵتەجاڕانە، بێ پیاچوونەوە
ئەی پێنووسەکان:ئێوە ئەوانەی بوونە کۆسپی ڕێ،هەڵتان لەکیسی خاوەن
کێشەدا
بەدووی کڵاوی بابردووتانا وێڵ و بزربوون، سەردەمێ ژیان لە
ئەندێشەدا
ئێوە ئەوانەی لەچاڵی بیری تەنگەبەرتانا ئێستاکە تاسی ڕەنجی بێوەری و
نابەکامێتی ئەتانباتەوە
دوای ڕەوینەوەی تەمومژ لەسەر کانی وسەرچاوەی ئەوئاوەلێڵە ئیترباویژدان
ئیتر باڕوودا و کۆتانکاتەوە
ئەی پێنووسەکان لێتان نەبێتە کوردەناموسی، وەرن پێکەوە
لەگەڵ ئێمەدا ئەو تۆزە ڕەنگەی تیاتانا ماوە
بیکەن بەنەخشەی کێشەی سەرەکیی ئەوخاک وخۆڵ و ئاووهەوایەی
بوەونەبوویان لەپێشبڕکێدا کەوتوونە دواوە

بەشیر ،بەدیلی، ئەبرێ بۆ زیندان!

- ما هو ئیسمەک؟
+ بەشیر ئەلموشیر
- کەم سەنە عومرەک؟
*+فەوقە الثمانین*
-ما هو شوغڵەک؟
+رەئیس قەومولکورد، وعیندەل ئیجاب کەبیرخەیاطین
-شنو شەهادتەک؟ بیئەیی مەکان؟



زۆرینەبرد، ناوبانگی دەرکردو کار بە سەریا داباری. چونکە دوکانەکەی لە قشڵەو لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نزیکبوو، ئەفسەرە گەورەکان و وەزیرەکانیش لای ئەو بەرگیان بەدروونئەدا. چەندین خەلفەو شاگردی ڕاگرت. یەکێک لە شاگردەکانی، هادی خەمماسبوو، ئەویتریان عاسم فلەییح بوو کە دوایی بوون بە ناودارترین بەرگدرووی بەغداد. خەلفەکەشی، گەنجێکی جوان و سوورووسپی و لووسکەلەی خەڵکی سوریابوو! زۆریش دەسڕەنگینبوو لە کارەکەیدا، بەشیر ئەوەندەی خۆشئەویست، گەلێ شەو لە ژەوورەکەی خۆی ئەینوان و ئەو کوڕەی لێئەبوو بە مریەم!!

بەشیر هیچ دڵی بەو کارەی و بەو دەسکەوتانە خۆشنەبوو. ئەو هەمیشە نیوەی دڵی لای مریەم و نیوەکەیتری لای ئەوەبوو نەتەوەکەی ڕزگارکا، چونکە ئەوەی بەئەرکی خۆیئەزانی وەک سەرۆکی هەموو کورد! ئەوەش بە بەرگدروێتی نەئەهاتە ئەنجام. بەڵام کاتێ بینی کەسە کوردە ڕۆشنبیرو ناودارو سیاسەتکارو پایە بەرزەکان لە بەغدادو لە کوردستانەوە، وردەوردە ڕووئەکەنە دوکانەکەی و لای دائەنیشن، بەشیر ئاهێکی پێداهات و کەوتە ئەو باوەڕەی ئەوانە سەرسامی گەورەیی و بلیمەتیی ئەون! ئەوەش ئەشێ هۆکارێکبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەوانیش زوو لەوە گەیشتن کە بەشیر کەسێکە لە خەیاڵدا ئەژی! بۆیە پەتیان بۆ خەیاڵەکانی بەرەڵائەکردو پێیانئەوت: ڕووگەی هیوای کورد (قیبلەی ئامالی کورد)! هەرچیش بەو چاوە سەیری نەکردایە، مافی ئەوەی نەبوو لە دوکانەکەی دانیشێ!.

ژمارەیەک لەو کوردانەی ئەکران بەوەزیر، بەشیر بە قوتابی و مریدی خۆی ئەزانین، بۆیە ئەمیش لەگەڵ گۆڕینی هەر کابینەیەکی وەزاریدا، چاوەڕوانی ئەوەیئەکرد پۆستێکی وەزاریی بەرکەوێ. جارێک ئەمەیدا بەگوێی ئەمین زەکی بەگدا. کابینە گۆڕراو ناوی ئەمی هەر تیانەبوو!

وردی: بۆ؟

عارف: خۆی نەیکرد. زەکی بەگ وتوێتی پاشا ئەڵێ چاکوایە یەکەمجار ببێ بەنائیب، ئەوسا بەوەزیر، بۆئەوەی وەزیری هەڵبژێراوی گەلبێ! ئەم جیایە لەوانیتر! .. بەشیر باوەڕی بەقسەکە هێنا.

***

ساڵ گەیشتە 1928و دەنگۆی ئەوە بڵاوبوەوە کە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان لە عێراقدا ئەکرێ. بەشیر ئەوەی بە هەلێکی باش زانی بۆئەوەی خۆی بپاڵێوێ لە شاری سلێمانی. دیارە ئەوسا ئەبێتە وەزیر، بەتایبەتی وەزیری بەرگری! بۆ نا ؟ کێ لەو شیاوترە بۆ ئەو پۆستە؟ ئەی ئەو ئەفسەرە بلیمەتەکەی سوپای عوسمانی نەبوو؟ هەڵبەت کە ئەو پۆستی وەزیرییەی پێدرا، ئەوسا هەم وەزیرو هەم موشیر. ئەوەش هەلی بۆ ئەڕەخسێنێ کە جاڕی سەربەخۆیی کوردستان بداو رایبگەیەنێ کە سەرۆکی هەموو کوردە! ئیتر مریەمیش بە کاڵاوپێتاوی خۆیەوە ئەبێتە هاوسەری! ئا بەوجۆرە بەشیر بیریئەکردەوە!.

هەڵبژاردن نزیک بوەوە. بەشیر موشیر بەیانی خۆپاڵاوتنەکەی لە ژمارە 2 ساڵی 1928 ی گۆڤاری زاری کرمانجیدا بڵاوکردەوە. هەر کە کوردانی دانیشتووی بەغداد بەوەیانزانی، دەستە دەستە رووپانئەکردە دوکانەکەی و پیرۆزباییان لێئەکرد. لە دەمەو ئێوارەیەکیشدا کە شەقامی رەشید جمەیئەهات لە خەڵک، بەشیر کەوتە دەریای خەیاڵەوەو ئەو خەڵکەی لێبوو بە جەماوەری خۆی و هەموو داوای بەیانەکەیان لێئەکرد، بەیانەکەش ئەوەندەی نەمابوو بەشی ئەوخەڵکە بکات، ئنجا داوایانلێکرد، بۆیان بخوێنێتەوە، بەشیر پەڕییە سەر سندووقێک و لاوێکی بانگکردو پێیوت: من ماندووم، تۆ بۆیان بخوێنەرەوە. ئیتر لەگەڵ هەر کۆپلەیەکی بەیانەکدا، ئەبوو بە چەپڵەو بژی کوردو کوردستان. پۆلیس بە دۆنکی کەوتنە وێزەی خەڵکەکەو چەند سەروگوێلاکیان شکان و بڵاوەیان پێکردن! ئنجا هێرشیانهێنا بۆ سەر بەشیر. بەشیر، لەدەنگی کڕیارێک بەئاگاهات، بەبێئەوەی وەڵامی کڕیارەکە بداتەوە، شپرزانەو بەپەلە دوکانەکەی داخست و رۆی. بۆ رۆژی دوایی، ئەو بەسەرهاتەی، وەک رووداوێکی



وردی: وردی چیەتی ، مامۆستا من چیم!؟

بەشیر: نانارۆحەکەم،ئەزانیبۆچی ناوتئەهێنم؟چونکە چەنساڵە تۆهەرئەنووسی: ویستم ژنبێنم

<u>لە بەرخانەقاوە</u>

هەژدە: تۆ بیری کۆنی رەگەزپەرستی لێرە ئەچێنی،تۆقۆناغێکی، بایەخت چیە،یەکەی شۆڤێنی

من دیموکراتیم،مرۆڤایەتیم،بۆ هەموو جیهان گۆرانی ئەڵێم
من دژی بیرو باوەڕی تەسکم،ناپرسم لەخۆم چیبووم یاخود کێم

<u>لە تەکێوە-</u>

کۆمەڵەی هەژدە:ئێمە زانستین،مرۆڤایەتین، بۆهەموو جیهان گۆرانی ئەڵێین
ئێمە لەدژی باوەڕی تەسکین،ناپرسین لەخۆ،چیبووین یاخود کێین
باوەڕی تازەی زانستییانە ئەڵێ ئەبێ کەم قوربانی زۆربێ
لەسەر بنچینەی ئەم بیروڕایە،یەکە بۆ هەژدە ئەبێ پێخۆربێ

گوڵە:ئەی پنووسەکان، ئێوە زوربەتان،ساڵەهای ساڵە لەدەرگای ماڵی ئەموئەو ئەدەن

نە خێرەومەنێ دەرگای واڵاکرد، نە کەسێ پرسیی لەسەرگۆی زەوی،ئایە ئێوەهەن؟

هەرلەبەربوورە، بیرێکی کۆنی بەچاووڕاوو بە زەبری ئاگ، سەپێندراوی،هەندەرانی دوور

لەئێمەتانکرد،بەڕۆژی تازەی پاڵەوسەپان ولانەوازان و بەچارەنووسی مرۆڤی رووسوور

لەهەردو وەردی بەبێ ژێرخان و بەبێ سەرخانی زەویی ئێمەدا، لەبتی نەبوو، بەڕیزە بتی درۆتان چەقان

لە ئەندێشەدا، بۆ رووخاندنی ئەو بتخانەیە لە تەمومژو لەتاریکیدا هەزاران تۆپی وشەتان تەقان!

بەشیر: بیخوێنەرەوە ، بزانە چییە؟ من چاویلکەکەم ئێستە پێنییە
وەرزێر:ئەمە نووسراوی خوشکە هێلگایە، ئەمەشیان نامەی لۆدڤیک خانە
سوجادی:ئەم بەزمە چییە، لۆدڤیک کێیە؟
وەرزێر:کچێکی شۆخ و جوانی ئەڵمانە
ئەڵێ مامۆستا من سەرسامی تۆم ، وەرە بۆ بەرلین
بەشیر:بێگومان ئەچم،ئێوەدانیشن،وردی بابچین

بەخەیاڵ لۆدڤیکی لێئەبێ بەمریەم وئەکەونە دانس،مریەم کچی ئەو میر لیوایەیە کە بەشیری خەڵاتکرد بەبۆنەی نەبەردییەکانی، کاتێ لەسوپای عوسمانیدا زابت قوماندانیبوو، مریەمیش، بەو بۆنەیەوە، چەپکێ گوڵی پێشکەشکردو لەمەوە بەشیر کەوتە داوی ئەوینی مریەمەوەو هەمیشە بووکی رازاوەی خەیاڵیبوو!. بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە، بروانە داستانەکە.

گیو:   بەشیر مار وێران چما پێتمایە؟ ئەم کیژانەی چین!؟
بەشیر:وردی نەهاتی! گەشتێکی خۆش و پڕ لەپێکەنین
وردی: مامۆستا لەکوێ؟
بەشیر: لە ئەستەموڵ و مینشن و بەرلین

دەرهێنەری ئەم شانۆنامەیە، ئەتوانێ هەندێ دیمەن و بابەت وخەیاڵەکان لە داستانەکەی بەشیر وەرگرێ ، وەک ئاهەنگەکەی ئەستەموڵ، بوونی بە وەزیری بەرگری،خەیاڵەکەی یەکەم رۆژی زیندانیەکەی، رێورەسمی بەخاکسیاردنەکەی، پێشوازییەکەی مینشن و...هتد و تێکەڵ بەم شانۆنامەیەی بکا.

گیو: ئەوە دەرێ چێ!؟
سوجادی:بە خەیاڵ ئەچێ تا ژێری زەمین!
وەرزێر: مامۆستا بەشیر سەرسامی زۆرە، لەئەوروپادا لەناو ئافرەتان
لە شاری جنێڤ مادامێ هەیە هەتابڵێی جوان، برۆنزینۆ خان

چەنجار بەنەبەز ئەڵێ، وەک تکا، ئومێدی وایە بەبەشیر بگا
بەشیر:ئەیچۆن رۆحەکەم، بۆچی من وردیم!



راست، گێرایەوە بۆژمارەیەک لە میوانەکانی و سەرو دانەش لە بەیانەکەی دانێ کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەیانی هەڵبژاردن-ساڵی 1928

بۆ هەموو کوردان

ئەی کورد. . ئاگات لێ بێ و چاو بکەرەوە. ئەوا هەڵبژاردن هات. ئەمجارە دەبێ زۆر وریابی.

خۆیشت دەیزانی، کە نوێنەر لەپەرلەماندا راستەوراست نوێنەر و قسەکەری ئەو نەتەوە یان ئەو وڵاتەیە کە لێیەوە هەڵبژێردراوە.

هەروەها ئاشکرایە کە ئەم نوێنەرانە سەبارەت بە نیشتمانپەروەری، لە ئاستی زانین و هۆشیاری، بەرگری دەکەن لە ماف و ویستی ئەو کەسانەی ئەوانیان هەڵبژاردوە و بەشێوەیەکی راستی دەناسرێن.

ئاستی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی نوێنەرێک بەتەواوی ئاوێنەی زانین، هۆشیاری و نیشتمانپەروەریی گەلەکەیەتی لەبەرئەمە بەبۆنەی ئەم هەڵبژاردنە نوێیەوە، بۆ ئاگاداری و چاوکردنەوەی هەموو کوردی دڵسۆزانی گەل، پێویستی راگەیاندنی ئەم داوایانە بەئەرکی جوان و حزمەتی پیرۆزی ملم زانی.

ئەی هاوخوێن و هاوزمانان..

بەناوی بەرژەوەندی مافەوە، بەدڵ و بەگیان لێتان دەپاڕێمەوە کەلە هەڵبژاردندا زۆر ئاگەدار بن، کەسانێکی وەها هەڵببژێرن کە پێچەوانەی باوەڕ و ویژدانیان ئەکەن بەخاتر و خۆتری هەڵبژاردن.

با نوێنەر بەتەواوی نوێنەرایەتی ئێوە بەجێ بهێنن و رێزی رەوشی کۆمەڵایەتی ئێوە بگرن. بەو بۆچوونەوە ئەوانیش نوێنەرگەلێکی وەها هەڵببژێرن کە کورد بێ، کوردی بزانێ و بەشارەزایی، زانین و زانستەوە لە پەرلەمانا توانای پاراستنی مافی میللەتەکەی خۆی هەبێ، دیسان زۆر بەگرینگی تکا لە دەنگدەران و لە هاووڵاتیانی بەڕێز دەکەم لەکاتی هەڵبژاردندا نەژڵەژێن، تەماشای ناوی زل، دەوڵەمەندی و خاوەنی فەرمانبەری گەورە گەورە نەکەن. تەماشای

توانا، بیری خزمەتی میللەت و شارەزایی لە حاڵ و پێویستی مەملەکەتیان بکەن، تاکو لەم نوێنەرە بەڕێزانە توانای لێکدانەوەی بەرژەوەندی دواڕۆژی موڵک و میللەت و توانای ئامۆژگارییان پێ بکرێ ولەبەر هیچ ڕێگرێک نەوەستێ و سڵ نەکات.

ئەی میللەتی مەزن، تکات لێ دەکەین بەبۆچوونێکی گیانییەوە تەماشای ئەم پێشنیازەی دڵسۆزانی میللەتی خۆت بکە و هەمووومان لێکی بدەینەوە و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەم شێوەیە بۆ هەڵبژاردن تێ بکۆشین. هیوای گەورەیشمان وایە، ئەگەر بەم شێوەیە هەڵبژاردن بکرێ دەستەی نوێنەرانی بەڕێزی نوێ لە دوا ڕۆژدا لەگەڵ حکوومەت هەوڵی یەک دەخات و هەرچی لە توانایدا هەبێ بۆ چاکەی نەتەوەکەی خۆی دەستەبەری دەکات. وە "ئەمین" لە ئەنجامی تێکۆشان لە زانیندا، میلەت لە زانین و زانستدا بەرز دەبێتەوە و مەملەکەت لەگەشە و بنیاتکردندا پێش دەکەوێ.

ئیتر ئێمە هەرچی بەئەرکی ویژدانی و ملمان زانی پێشکێشمان کرد، ئینجا پەسەنکردن یان نەکردنی هەواڵەی بۆچوونی بڵندی میللەتە خۆشەویستەکەمانی دەکەین.

خوا شاهیدە میللەت بۆ پیاوی چاک گریانە،
هەر ئەوەندە و حورمەت.

1928- 1 - 27
بەناوی کوردانی جگەرسووتاوانەوە
بەرگدروو، بەشیر موشیر

بەشیر، بەهەمان شێوەی خەیاڵ، لە سلێمانیش، چەند گردبوونەوەیەکی لەوجۆرەی ئەنجامداو بە چەپڵەو بژی کوردو کوردستان پێشوازیی لێکرا.
بەڵام دوای هەڵبژاردنەکە، سەرەتا، سەری لەوە سوڕما کە بۆچی دەنگی پێویستی نەهێناوە!؟



تیایانا هەبوو بزرئەبوون و سەریان دهائەنا لەو پێناوەدا
بۆپاراستنی شانەو لانەیان ، بە دژیانەوە، شێرانە، ئەدا
نموونەی بەرزی کارامەیەتی و یاساو رژێم و لەخۆبوردنبوون
بۆ هەرچی تامی شیرینی هەیەم، بەخەندەوبزەی لێوەوە ئەچوون
کەچی مرۆڤێ کۆلێ شیرینیی لەسەر کاغەزێ بڵاوکردەوە
پورە هەنگەکە نەچوون بەلایا، بەکۆمەڵ خۆیان لێئەشاردەوە
ئەیانوت نەبا،جێگەپێ ودەسمان لەهاتوچۆدا،بەسەرکاغەزا بەپێچەوانە رەنگبداتەوە
وەکوپێنووسی هەندێ مرۆڤی ئەودیوی ویژدان،لەسەنگونرخی پوورەهەنگیمان کەمبکاتەوە

لەدوکانی بەشیر

وردی:دیارە نەتدیوە سیپارەی بەرزی رەواپەرستی
هەمووی فەلسەفەو پەندوبۆچوون و بیری زانستی
وەرزێر:کامەیە ئەوە؟ من بۆ نەمدیوە نوسراوی وەها!؟
وردی : لە سی و یەکدابوو کەلەچاپیدا،بەنرخ و بەها
گیو : لەو ساڵدابوو کەویستی ببێ بە وەزیری گەل
سوجادی:نەخێر،سێ ساڵێ پێش ئەو بەروارە.. بۆی نەڕەخسا هەل
ساڵی بیست و هەشت هەندەینەمابوو ببێبەوەزیر
ئەمین زەکی بەگ لەگەڵ پاشادا،لەپاشی تەگبیر
وتیان چاکوایە بەتەعین *نەبێ،باخۆی تەرخانکا بۆپەرلەمان وخەڵکی شار هەمووی دەنگیبۆبدا*
داخەکەم دەستیان لەویشا وەردا،واتا بەتەزویر
نەیانهێشت ببێ بەنوێنەری گەل، نەبوو بە وەزیر
بەشیر:ئیتر خۆم نەمکرد. وەزیریم نەکرد،نەبووم بەنوێنەر لە من ئەترسان
وەرزێر:زۆرزۆرچاکتکرد،مامۆستای مەزن،ئومێدوکەعبەی ئامالی کوردان(پۆستەچی نامەئەهێنێ)

ده بیبڕەوە ئەڵێی تووتڕکی!
کڕیارێک:بەڵا فەد شخاط وە باکێت تورکی
بەشیر:داماو کەسێکە بەتەنیا پیادە
دووجانتای پێبێ لەوبەری جادە
ماشین ڕێنەدا بپەڕێتەوە
وردی: ئەو پاکەتکڕە ئەپاڕێتەوە!
بەشیر: داماو بەم زاتە، بە شەماڵ ئەڵێن، ئەوە دوو ساڵە لێرە ئەگەڕێ
دەستی ناکەوێ دوو هۆدەو هەیوان،نە موشتەمەلێ،نە خانوەشڕێ
کڕیار:شنولموشتەمەل!؟ ئنطینی باکێت،بەڵا مەشینی، عەمی ودەعتەک
بەشیر:لێش طەوەلتها، ئنتە شجابەک،لوێش تدەخەل،هاذا موشوغڵەک
رووح ماکو باکێت،وەخر،لەک ئمشی، لاتحچی کلمە
کڕیار:هاذا موباکێت!؟ هاذا تەعەدی ، ئنتە غێر زلمە ... <u>بەشیر بەگەزەکەی</u>
<u>یاڵێکی پێوەئەنێ وئەیدا بە زەویدا، هەڵئەسێتەوە و ئەڵێ:</u>
کڕیار:وەڵا ئەریدە،لێش ماکو باکێت، لەعد های شنو کوللە،ئەمامی!؟
هاذا تەعەدی، هاذی ئیهانە، ئەروح ئەشتەکی ، ئەلزەم محامی
بەشیر:ئحنا مەشغولین بگیو، بداماو، لێش ماتفتەهم!؟
کڕیار:یا گیو؟یا داماو؟ منو هەذۆلە؟ ئەرید ئەفتەهم
شەماڵ:یا ئەخی، داماو،ئەدیب، صوحوفی،موئەرخ کوردی
کڕیار:ئی نەعەم هەسە کولشی صار مەعلوم،ئەعروفەلوردی
هوە یدەرس ئیبنیلصغەیر
وردی:ئنتە ئەبو مەن؟
کڕیار:ئەبوشطەیر<u>(وردی پاکەتەکەی ئەداتێ ویاڵییێوەئەنێ )</u>

***

<u>لەکۆڕێکی وێژەییدا لەتەکێ):</u>
گوڵە:پوورەهەنگێکی ناو دارستانێ بەباڵ ئەفڕین
بۆمژینی لێو،بۆتامی خۆشی خۆراکی شیرین



بەشیر: (لەبەرخۆیەوە) بۆ!؟ ئەی من کوڕە ئازاکەی شاری سلێمانی نەبووم؟ خۆ نەبەردییەکانم لە سوپای عوسمانیدا لەهەموو دنیادا دەنگی دابوەوە! بەخۆڕاییش نیە کە مریەم بە تیری ئەوینم گرفتاربوە! ئەوەتا ئێستەش هەموو کوردەکانی دانیشتووی بەغداد، پچووکیم ئەکەن و وەک سەرۆکی هەموو کورد سەیرم ئەکەن و بە رووگەی هیوای کورد ناوم ئەبەن! ئەی ئەو هەموو خەڵکەی لە گردبوونەوەکانی سلێمانی و بەغداد ئامادەبوون و چەپڵەیان بۆلێئەدام و ئەو هەموو سەروگوێلاکەی تیا شکا!؟

ئەسیریی، فەیلەسووف و گەورە هۆنیاری شاری کەرکوک، وەڵامیدایەوە: (میرم، ئەم دەسەڵاتەی عێراق، دەسەڵاتی ساختەو تەزویرە. چۆن رێگەئەدەن بلیمەتێکی وەک ئێوە ببێتە پەرلەمانکارو دوایی کەرکوک لە عێراق دابڕێ و بیخاتە سەر دەوڵەتی کوردی! ئەی ئنگلیز لەپێناوی نەوتەکەی بابە گوڕگوڕدا، ولایەتی موسڵی نەخستە سەر عێراقی عەرەبی!؟ جگەلەوە، ئەو گردبوونەوانەی بەغدادو سلێمانی کە خۆت باسیانئەکەی، رژێمیان تۆقاند!). بەشیر باوەڕی بە قسەکە هێناو ئارامبوەوە.

***

کە لە ئەندامبوونی پەرلەمان نائومێدبوو، ئنجا رێگەی کتێبنووسین وبڵاوکردنەوەی گرتەبەرو ئەم کتێبانەی بەچاپ گەیان: سیپارەی حەقپەرستی، دیوانی ئەدەب- میسباحولدیوان، بەختنامەو گەلێ بابەتیتر، سەرباری نووسین و ئامۆژگاریئ و هۆنراوکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

ساڵ بوو بە 1936 لەم ساڵەداو رۆژی 10/27 بەکر سدقی کودەتایەکی لە بەغداد ئەنجامدا. وەزارەتەکەی یاسین هاشمیی روخان، جەعفەر عەسکەریی کوشت کە وەزیری بەرگریبوو، نوری سەعیدو رەشید عالی گەیلانی و یاسین هاشمی، بە یارمەتیی باڵیۆزخانەی بەریتانی. هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات، لە 1936/10/31دا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوەو رۆژی 1937/2/20ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکیتر.

بەشیر موشیر ئاهێکی پیاهاتەوەو وەک گوڵ گەشایەوە. لەگەڵ بەکر سدقیدا نزیک هاوتەمەنبوو، هەردوکیان کوردبوون، لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەربوون، لە بەغداد دۆستایەتییەکیان هەبوو، جارجار سەری بەشیری ئەداو پێکەوە لە دەرگای دەوڵەتی کوردییانئەدا. لەدوای کودەتاکەوە دوکانەکەی بەشیر بەشێوەیەکی فراوانتر بوو بە روانگەی هیوای کورد. هەموو رۆژێ پڕئەبوو لە کەسایەتییە کوردەکان و باس باسی کودەتاکەو بەرئەنجامەکانیبوو. بەشیر وەک نوێنەری بەکر سدقی هەڵسوکەوتی ئەکردو شرۆڤەی رووداوکانی ئەکرد، هەندێجار بەجۆرێ قسەیئەکرد وەک خۆی کودەتاکەی کردبێ. ژمارەیەکی زۆریش لەشارەکانی کوردستانەوە روویانتێئەکرد، هەر یەکەو بۆ کارێکی تایبەتیی خۆی، یەکێک بۆ ئەوەی وەزیفەکەی لە لادێوە بگوێزرێتەوە بۆ ناوشار، یەکێک بۆ ئەوەی بیگێرنەوە سەر وەزیفەکەی، یەکێک بۆ ئەوەی دایمەزرێنن، ئیتر بەوجۆرە. هەندێکیشیان بە دەسودیارییەکی باشەوە ئەهاتن. ئەویش بەڵێنی بە هەموویان ئەدا کارەکانیان لای بەکر بۆ جێبەجێبکات، بەڵام جارێ بەکر سەری قاڵە، کە دەستی پەرژا، خۆی دێتە لام بۆئەوەی پرس و راوێژم پێبکا چۆن دەوڵەتداری بکا؟ کەی سەربەخۆیی کوردستان راگەیەنین؟ چۆن تۆڵەی خۆمان لە ئنگلیز بکەینەوە؟ چ پلەو پایەیەک بدەین بە شێخ مەحمود؟.. هەر زووش بریاریدا بۆهەڵبژاردنەکەی 2/20 خۆی بپاڵێوێ و بەیانەکەی لە رۆژنامەی ژیان 1937/1/18 ل 2 بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بەیانی هەڵبژاردن – ساڵی 1937**

**بۆ هاووڵاتییە بەرێزەکانم**
**لە بەغداوە/ بەرگدروو "بەشیر موشیر"**

بۆ پێکهیان و دروستکردنی پێویستیی نیشتمان، بۆ خۆشگوزەرانیو بەختیاری هاوشاریمان لە پەرلەماندا نوێنەر دانان بەبێ ئاستەنگی مافی هەڵبژاردن دراوە بە خۆمان. هەریەکێ لە ئێمە سەرپشک و ئازادە لە بەکارهێنانی ئەم مافەی دا.



تۆ راستە ئێستە لەگەڵ ئێمەدای، بەتەنیا بەلەش، نەک بە دڵ وگیان
گومانم نیە دانت بۆ رۆکەن، هەر هەژدەی هاری وەک جاریجاران
زریان:مادە لەپێشە، بیر بەرئەنجامی گەشەی مادەیە
مادەش هەربوە،هیچهێزێنیە لەودیوی سروشت
سوجادی:بیر سەرەتایە، بیر پێش مادەیە، گیان پێکهێنەرو
بەرێوەبەرو گەشەپێکەری گێتی و هەموو شت
بەشیر: هەردوکتان هەڵەن،کێیێ بزانێ مریشک و هێلکە کامیان لەپێشە!؟
رۆحەکەم ئێوە هەرای چیتانە ؟شەڕی چیئەکەن،کامەیە کێشە!؟
ئەوەی کەدیارەو ئێمە بیزانین،هەستی پێیکەین،ئەوەیەکەوا بیرو هەم مادە
هەردوکیان هەن وهەردووهۆکاری گەشەوگۆرانی گێتی وسروشت وئادەمیزادە
وردی:مامۆستا ئەوە دێکارتیش وایوت
بەشیر: ئەویش هەقیبوو وایە کوتومت
زریان:مادە دیالەکتیک،کارتێکردن وکارلێکردن وگۆڕین و گەشە، هەمیشە جووڵان
سوجادی:بیر دیالەکتیکە
بەشیر:رۆحەکەم بەسە،لەداخی ئێوە منێش خەریکە جێبێڵم دوکان
<u>(گیو موکریانی دێت، سروشتی وابوو قسەی لەگەڵ هەرکەس بکردایە، سەری پەنجەکانی ئەدا لە لاقەپرغەی ئەوکەسە!بەشیر بەوە زۆر پەستئەبوو)</u>
گیو: داماوی کوڵۆڵ، داماوی نەگبەت
وردی:باسی کێ ئەکا؟
سوجادی: حوزنیی موکریان
گیو:چەند رۆژە وێڵم بۆ پەرتووکێکی داماوی برام، کەچی بەشیرگیان
لێم توورەئەبێ، من لای شکێئەبەم ، ئەو ئەڵێ نیە!
بەشیر:تۆ داماوداماو داماوی چیتە؟ ئەمەی بۆچیە!؟
کەی ئەو داماوبوو؟داماو کەسێکە لەوبەری ئاوێ
بە بێقوففەبێ، مەلەش نەزانێ خۆی لە ئاو هاوێ

هەرچەندە لە کاتی حکوومەتی پێشوودا ئەمە بەخراپ بەکار دەهێندرا. بەڵام لە ئێستادا کە حکوومەت حکوومەتێکی جەمارەییە و بەرنامەی چاکسازی هەیە، دەتوانین بەئارەزووی خۆمان، مافی هەڵبژاردنی خۆمان بەکار بهێنین.

حکووکمت لەمەدا یارمەتیمان دەدا، لەبەرئەوەی حکوومەت مەبەستی خزمەتی میللەتە، منیش تینووم بۆ خزمەتی "قەومی عێراق"، حەز دەکەم لەم ڕێیەدا یارمەتی حکوومەت بدەم و خزمەتی "میللەتی عێراق" بکەم. لە پەرلەماندا ئەوەی بەقازانجی "قەومی عێراق" ی دەزانم هەوڵی بۆ بدەم و بیکەم. ئەو ڕێیە کە گرتوومە دەمەوێ لەسەری بڕۆم. بۆ ئاگەداری لە ژێرەوە بەرنامەی خۆم بۆ هەڵبژاردن دەخەمە ڕوو، بەو بەرنامەیەوە بەرئەندامی خۆم بۆ "لیوا" ی سلێمانی رادەگەیەنم

لەم ڕێیەوە هەر کەس هاوبیری من، تکا دەکەم دەنگی خۆی بەمن بدا، تا بەهێزی ئەوانەوە لە پەرلەمان بتوانم نوێنەرایەتییان بکەم و بەو دەسەڵاتەوە خزمەتیان بکەم.

1. بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئامادەیی و قوتابخانەی پیشەیی "لە وڵاتی خۆماندا" بۆ زۆرکردنی ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی لەو لادێیانەدا کە پێوست بێ، وە بۆ زۆرکردنی ژمارەی "بورس – زەمالە" هەول دەدەم.
2. بۆ پرۆژەی ئاو و کارەبای شار و ئەو قەزا و شارو پرۆژکانی پێویست بێ هەول دەدەم، بۆ وەدەستخستنی هاوکاری حکوومەت و یارمەتی دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەم.
3. بۆ پێشخستنی کشتوکال، بۆ چاکسازی کشتوکال، بۆ دامەزراندنی شەریکەتێکی کشتوکاڵی و هاوکاری بانکی کشتوکال هەول دەدەم، وە بۆ لەناوبردنی نەخۆشی ئاژەڵان کەرەستەی پێویست لە حکوومەت داوا دەکەم.
4. بۆ زۆرکردنی سامانی حکوومەتەکەمان، بۆ پێگەیاندن و باشکردنی جۆر و پاراستنی بازاڕی تووتن و میوە و ئاژەڵان، هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی هاوچەرخ و هونەری سوودمەند بین.



وردی:گوڵە ئۆغربێ؟
گوڵە بۆ تۆزێ وچان (ئەڕوا)
ڕێبوارێک:ئێرە دوکانی وەستا بەشیرە؟ مامۆستا بەشیر کوانێ کامەیە؟
بەڕاستی بەرزە، نووسەری چاکە،مامۆستا بەشیر خاوەن خامەیە
بەشیر: فەرموو ئەولادم، بەشیر موشیرم
ڕێبوار:ئەڵێم مامۆستای مەزنی ژیرم
هەندێ پرسیاری زانستیم هەیە
بەشیر: دیارە نازانی ئێستە کات کەیە !؟
ڕێبوار:من چیمە بەسەر کات و وەختەوە، بەڕێزت جارجار وتار ئەنووسی
بەشیر: بێدەنگبە، بڕۆ، من کاتم نیە، تۆ کە نازانی بۆچی ئەپرسی!؟
(بەسەرسوڕمانەوە ڕۆی)
سوجادی: وردی پێبکەنە، لەچی ئەترسی؟ ئەبێ بزانی ، ئەوسا بپرسی!
<u>لە بەرخانەقا گوڵەو یەکەو هەژدە دەرئەکەون</u>
گوڵە : کوڕینە ڕۆژباش
هەژدە:گوڵەخان ڕۆژباش
یەکە:ئێستاکە هەژدە ناڵێ ئەنتەرناش!
هەژدە:یەکە وازبێنە لە کای بەباچوو، مەیکولێنەوە زامی رابوردوو
یەکە :راستییەک هەیە ئەبێ بیزانین، رابوردوو ئەبێ مێژوو بینووسێ
کەسێ خاوێنبێ، لە هەڵەکانی، زویر نابێت و نابێ بترسێ
من ئێستا بۆیە لەم چیرۆکەدا، ئەنووسم مێژووی ڕۆژانی دێرین
هەتا نەوەی نوێ ئاگادار ببێ، بزانێ بۆچی هەڵنووتاین، کەوتین
پێشینان ئەڵێن پەند لە رابوردوو
هەژدە:یەکە بەسێتی، هەرچی ڕۆیی، چوو
بەسێتی کای کۆن بەسێتی تانە ، نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە
یەکە :من ئەگەر دەروون ناسی بزانم، ئەوانەی ئەمە ناوئەنێن کای کۆن
ئەوانە هێشتا راڕاو دوودڵن ، پاکنەبوونەوە، هەژدە، وەکو تۆن!

5. لەبەرئەوەی بازرگانی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بە لەشکرێکی بەهێز و حکوومەتیکی دەسەڵاتدار دەکرێ، بۆ زۆرکردنی ئەم هێزە ((بەتایبەتی هێزی ئاسمانی)) بۆ یارمەتی "ئەهالی" بەحکووم‌ەت چی پێویست بێ دەیکەم.
6. بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لەنێوان "خاس و عام" دا، داوای دادگە و چاککردنی یاساکان لە حکوومەت دەکەم.
7. بۆ بەستنەوەی دێهات بەقەزاکانەوە داوای کردنەوەی ناحیە دەکەم.
8. داوای زۆربوونی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستییەکان و ژمارەی دوکتۆری پێویست دەکەم.
9. بۆ چاکسازی هەندێ یاسای ماڵی کە زۆرینە گلەییان لێ هەیە و باج و خەراجی زەویوزار و بۆ دامەزراندنی کارگەی رستن و چنین تێ دەکۆشم.

بەرێزەوە سوپاسم پێشکەش بەو کەسانە ئەکەم کە نوێنەرایەتی خۆیان بە من دەسپێرن.

هیوا دەخوازم کە متمانەی ئەوان خراپ بەکار نەهێنم

سەرکەوتن لە خوا دەخوازم.

-----------------------------

ئەمجارە بەشیر، گەشبینبوو کە هەڵئەبژێردرێ. خۆ ئەم حکومەتەش وەک ئەوەی پێشوو ساختە ناکات، ئەمە حکومەتی خۆمانە، ئەوەشی بیستبوو کە بەکر، دۆستەکانی خۆی ئەخاتە پەرلەمانەوە، لەبەرئەوە بەپێویستی نەزانی ئەمجارە بانگەشەو گردبوونەوە بکا. خۆیدانابوو دوای هەڵبژاردن، پۆستی وەزیری بەرگریش وەرگرێ!

بەشیر لە باشترین قوماش، دەستێ جلی ئەفسەریی بۆ بەکری برادەری دروو، تا، کەهات بۆلای، وەک دیارییەک پێشکەشیکات. دەمەو ئێوارە کە شاگردەکانی رۆیشتن، ئەو جلە سەربازییانەی لەبەر خۆی کرد و چوە بەر ئاوێنەکە. خەیاڵ رفاندی بۆ وەزارەتی بەرگری و دەستە دەستە گەورە



بەهێزی بازوو هێنامانەوە گوڵە بۆ هەژدە
ئامادەی جەنگین بابێتەپێشێ ئەوەی نەبەردە
کۆمەڵەی یەکە هێرش ئەهێنن:
کوانێ گوڵەجۆ کوانێ گوڵەجۆ؟ لاچۆ لەرێدا بۆ رێنادەی تۆ؟
هەژدە:گوڵەجۆ نادەین گوڵی خۆمانە، ئەگەر لانەچن لەم رێگەوبانە
پەلتان ئەبەستین راتانئەکێشین، پیشانتانئەدەین چەنێ لەپێشین!
یەکە : ئێمە لەپێناو دەنکێ گوڵەجۆ، لەئاگر، ئاسن ناکەین سڵ و کۆ
شەرو پێکدادانێکی سەخت لەنێوان دوو کۆمەڵەکەدا رووئەدا، گوڵە خۆی ئەکا بەدوکانی بەشیردا
گوڵە: منیش دەربازبووم
بەشیر:ئەی نەگبەتی شووم!
هەزاران جارم پێوتن جارێ، شووشەی یەکتری مەهێننە خوارێ
ئێوە میراتی چی بەشبەش ئەکەن!؟ لەکام پێناوا خۆ ئەکەن بەپەن!
ئێوە هەمووتان وەکو کرێچین، نەبوونە خاوەن ماڵێکی تەواو
ئەم گوڵە جۆیە بۆ ئەرەنجێنن، ئای لە ناکامی! لە دڵی شکاو!
سوجادی:راست و بەجێیە
زریان گوێت لێیە!؟
بەشیر:وازی لێبێنە، ئای چەن لەداخی هەرزە گێلەکان ئەخۆم داخ و خەم
جاری وا هەیە ئەگاتە تینم ئەڵێم نئێستەودوا گەورەیی نەکەم!
سوجادی:نا، بۆخاتری خوا، زویری لەکێ؟شتی وانەکەی پشتمان ئەشکێ!
شەماڵ:ئەوە هیتلەریش جارێ لەجاران، وتی هێشتاکە گەلی ئەڵەمان
ئەوە ناهێنێ ئەو سەرۆکییێ
بەشیر:ئەویش هەقیبوو رەحمەتی لێبێ
گوڵە :گەورەیی شایەن هەر بە ئێوەیە، ئومێدو کەعبەی ئامالی کوردان
مامۆستا ئەرۆم
بەشیر:گوڵەخان زوە

ئەفسەرەکان ئەهاتنە بەردەمی و پێیانئەدا بەزەویداو بۆیئەچەمانەوەو پیرۆزبایی ئەوەیان لێئەکرد کەبوە بە وەزیری بەرگری. سەیرێکی سەرشانەکانی کرد، شیرو تاجی موشیریی پێوەبوو**!**.



یەکە:  وەرە گوڵەجۆ شەڕی ئەمجارەش هەر لەسەر تۆیە
هەژدە:وەرە گوڵەجۆ ئابووریی وڵات، تۆ هەموو شتێت تۆ گەشەی ژیان
وەرە گوڵەجۆ دەماری ژینم هەر لەتۆدایە نهێنیی گۆڕان
یەکە: گوڵەجۆ ژیرە گوڵەجۆ ژیرە، نهێنیی گۆڕان گوڵەجۆی بیرە



یەکەم کارێکی لەم وەزیرییەیدا: بروسکەیەکی بۆ باوکی مریەم نارد کە خۆئ و هەموو خێزانەکەی گەشتێکی بەغداد بکەن و میوانی ئەوبن. لە چا وتروکانێکا هەموویان گەیشتن. باوکی مریەم بە جلە ئەفسەرییەکەیەوەو مریەمیش بە چەپکێ گوڵەوە. لەو کاتەدا یەکێک لە ئەفسەرە لاوەکانی وەزارەت، بێئەدەبییەکی کرد! چوو چەپکە گوڵەکەی لە مریەم وەرگرت و چەمایەوەو دەستی ماچکرد!! بەشیر تا هێزی تیابوو قۆناغە توفەنگێکی سرەواندە ئەفسەرەکەو لەدەنگی هارەی ئاوێنەکە بەئاگا هات کە گەزی خەیاتییەکەی پیاکێشابوو!.

***

ئەمجارەش بەشیر دەنگی تەواوی نەهێنا بۆ پەرلەمان! کە رەئوف چادرچی، خاوەنی ئەو ریزە دوکانەی بەشیر لە یەکێکیاندابوو، هات بۆ کۆکردنەوەی کرێدوکانەکان، بەشیر پێیوت زۆر گلەییم لە کامیلی برات و بەکر هەیە، چونکە کارێکی وایاننەکرد ببم بە نائیب (مەبەست لە کامیل، کامیل چادرچیبوو کە کرابوو بە وەزیری ئابووری) رەئوف وەڵامی بۆ هێنایەوە کە بەکر سدقی وتویّتی من بەشیر موشیرم خۆشئەوێ، بۆیە نەمکردوە بە نائیب، وتوومە کە من کوژرام، با مەقعەستەکە لەکیس ئەو نەدەم، واتا سەری ئەویشی تیا نەچێ) کە لە 1937/2/9 دا بەکر سدقی کوژرا، بەشیر باوەڕی بە قسەکە هێنا.

***

هەر لەسەر بەرگدروێتیەکەی بەردەوامبوو. خانوویەکی لەوبەر پردی کۆنەوە کڕی و ژنیشی هێنا. شامیلی کوڕی گەیشتە تەمەنی حەوت ساڵ. بەیانییەک شامیل وتی ئەمشەو لە خەومدا کووپەیەکی پڕ لە زێڕمان لەژێر ئەم خانوەدا دۆزییەوە. بەشیر سەیری کتێبی خەونامەی کرد، نوسرابوو خەوی منداڵی 7 ساڵان دروستە! بەشیر کەوتە خەیاڵەوەو کووپە زێڕەکە هاتە بەرچاوی. کووپەکە ئەوەندە گەورەو پڕلەزێڕبوو، کردییە دەوڵەمەندترین بازرگانی بەغداد. ئنجا کەوتە بازرگانیکردن لە نێوان ئەستەموڵ و بەغدادا.



یەکە: هەژدە کوا هاوڕێ شەشەی دێرینت؟شەشەی چلو هەشت خەریکی چیە !؟

هەژدە: ناوی مەهێنە، رووخا، ناوی وت، ئێستاکە شەشە لە ئێمە نیە

گوڵە : دەنگ وابڵاوە بە ئەشکەنجەدان، هەندێ تێرامان هەندێکیش خزان!

هەندێکیش وەکو ئەزمەری رووسوور، نەرووخان وتیان ئەڕوانینە دوور

<u>وردی ئەچێتە دوکانی بەشیرو ئەپرسێ:</u>

بۆچی تووڕەیە!؟

سوجادی:دەسیان بڕیوە بە لیرەی لبنان، کەچی بەشیر گیان

گەزی خەیاتیی بۆمن داوەشان، خۆم لانەدایە، سەرمی ئەشکان!

ئەوە ئێستاکەش لەپاشی دە ساڵ تووڕەی ئەوەیە

بەشیر:نانا رۆحەکەم، ئەوە تێپەڕی، ئەمڕۆ هیکەیە!

ئەو ورگ زلە،رۆژێ حەسەنە، رۆژێ ئەوڕەحمان، رۆژێ دەوڵەمەن، رۆژێ هەژارە!

خۆی نەناسیوە! خۆزگە ئەمزانی ئا ئەم گاگوە کێ هێنایەناو کووچەی ئەمشارە؟!

وردی:مامۆستا ناسیم، فلانی شاعیر، دەسکورت و فەقیر

بەشیر:وردی بێدەنگبە. پێیمەڵێ شاعیر، پێیبڵێ شەعیر

وردی:بۆچی مامۆستا

بەشیر:لێرەدا وەستا

بەمنی فەرموو: *نە فەیلەسوفی، نە بلیمەتی ! کەی تۆ شاعیری!؟*

*وتم رۆحەکەم، ئەتۆ گەوادی،ئەتۆ ظالمی، تۆ مام شەعیری*

لە بەرخانەقا، هەرا، گەرم ئەبێ. <u>کۆمەڵەی هەژدەو کۆمەڵەی یەکە سەنگەر لەیەکدی ئەگرن و قوڵهەڵئەماڵن بۆ شەرو لەیەکدی سوورئەبنەوەو ئەیانەوێ بەیەکدیدا بدەن! گوڵە ئەکەوێتە نێوانیانەوە.</u>

کۆمەڵەی هەژدە:هەیجۆ هەیجۆیە،هەیجۆ،هەیجۆیە،هەژدە گوڵەجۆ سامانی تۆیە

کۆمەڵەی یەکە:هەیجۆ هەیجۆیە هەیجۆ هەیجۆیە، یەکە گوڵەجۆ شایانی تۆیە

هەژدە:هەیجۆ هەیجۆیە گوڵە هی خۆمە هەیجۆ هەیجۆیە

ئەوە لفكەیە،ئەوە لیرەیە، ئەوە بەنەخوێن
زریان:خەلیفە وەرە، لیرە بەچەندە؟ دارێژراوی کوێن؟
خەلیفە:لیرەی رەشادین،یەکی دە روپێ هیچ کەمینیە
زریان:ئەی ئەم لیرانە، ئێستا بەچەندن بایەخیان چیە؟
خەلیفە:زریان ئەمانە لیرەی لبنانین، یەکی سەد فلسە نرخی ئەمڕۆیان
بەشیر:چێ چی سەد فلس!چۆن دەستیانبڕیم لەمالی خۆما مەلای بێویژدان
من هەر خۆم وتم ئەم کارە جوانە، هی بێدینییە،هی موسوڵمانە!
لە بەرخانەقا، فرۆشیارە گەڕۆکەکان:
شەربەتفرۆش:کەﷲ تەزێنە، سەفرا شکێنە، عیللەت پەڕێنە، ئازار رەوێنە
ئەوەندە خەستە هیچ خوڕەی نایە، کاکە شەربەتی مێوژم لایە
سەعەی قالەو سالەشێت:شەکرلەمەیە حاجیبادەمە
چۆرەکی تازە، ئەوە بەکسەمە
منداڵێک:سالە درۆیە، سالە درۆیە، کەی شەکرلەمەو چۆرەک هی تۆیە؟
ئەوڕەحمان:شیرەو شەکرە محەلەبیە، هەتاکو نەیخۆی نازانی چیە
گوڵە لەتەکێوە: ئاشتیپەروەرین، دوژمنی شەڕین
بۆ کوردایەتی، گونجاوە ئاشتی
ئاشتیمان ئەوێ، کە کورد بسرەوێ
ئەبێ بەهێزبین بۆئەوەی ئاشتی، ببێ بەکاڵا بۆ کوردایەتی
ئاشتی لای ئێمە ژێردەستینییە، ژیانی دیلی سەربەستینییە
کاتێ میللەتان ئەژین وەک برا، هەریەک بەهیواو ئامانجی بگا
هەژدە:شەقام بەرینە ساڵ پەنجاو هەشتە، زۆرانبازییە یارییەو گەشتە
یەکە :مامۆستا رۆژباش
هەژدە:بەڵێ ئەنتەرناش
بۆ سپی ئەکەی بە رەش و بە کەسک؟ بڵێ مەرحەبا بیروباوەڕ تەسک
ئەشێ نەزانی ئێمە ئێستاکە چەنێ لەپێشین
ئەم بیرە تەسکە وازلێنەهێنی تۆش رائەکێشین



کارەکەی بریتیبوو لە هاوردەکردنی لیرەی رەشادی و لیرەی غازیی کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە مابوونەوە. لەهەموو چوونێکیدا بۆ ئەستەمووڵ، سەردانێکی ماڵی مریەمیشی ئەکردو جوانترین خشڵی پێشکەش ئەکرد! ئەویش هەموو جارێ، بە روە خۆش و زەردەخەنە ئەفسووناوییەکەیەوەو بە سەد نازو رازەوە، جوانترین چەپکە گوڵی پێشکەش ئەکردو دەسلەملانی یەکدی ئەبوون! لەدەنگی دایکی شامیل بەئاگاهات. بۆرۆژی دوایی کرێکاری هێناو کەوتنە هەڵکەندنی باخچەی ماڵەکە. دوائەوە هەڵکەندنی زەویی ژوور لەدوای ژوور! ئەوەندە پاچکارییانکرد، خانوەکە لە کەڵک کەوت و خەریکبوو ئەڕووخا! ناچار بە هەرزان فرۆشتی و لە کۆڵانی بەرامبەر دوکانەکەی، خانوویەکی بچووکی پێکڕی.

بەشیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا!

نەبەز: مامۆستا گوێی مەدەرێ، سەر سەلامەتبێ، ماڵی دنیا هیچنیە. راستە ئەوەی بۆتگێڕامەوە لەبارەی ئەو خانوەوە، زیانێکی زۆری پێگەیانی، بەڵام ئەشێ خێری پێوەبووبێ. بەسنیە خانوەکە بەسەرتانا نەڕووخا!

بەشیر: : نا، رۆحەکەم. خۆ من خەفەت بۆ ئەو زیانە ناخۆم.

نەبەز: ئەی بۆچی؟

بەشیر: ئەولادەکانم.

نەبەز: شامیل منداڵبوو، نەئەبوو ئەو خەوەت بۆبگێڕێتەوە. ئەڵێن زێر لەخەودا زیانە!

بەشیر: ئەوەشنیە.

نەبەز: ئەی چی؟

بەشیر: ئەڵێم ئەولادەکانم، وەکو خۆم فەیلەسوف دەرنەچون!

***

کێشەی بەشیر هەر بەتەنیا ئەوینی مریەم نەبوو، بەڵکو ئەوینی کوردستانیشبوو. هەرچەند ئەیهێناو ئەیبرد، بە بەرگدروێتی ناگاتە ئاواتەکانی! جا گەرچی بەرگدروێتییەکەی داهاتێکی باشی هەبوو، بەڵام وازیلێنەهێناو

دوکانەکەی کردە ناوەندێکی رووناکبیری و سیاسی، بەڵکو باڵیۆزخانەی کوردستان لە پایتەختی هارونە رەشید! وەک خۆی ئەیوت: لەو دوکانەدا نەخشەی کودەتاکەی بەکر سدقی داڕێژراوە. هەرلەودوکانەدا بیرۆکەی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد(کاژیک) چەکەرەیکرد، گەلێ بەیانی حیزبی بڵاوئەکرایەوە، پیلانی سیاسی ئەنجام ئەدرا، زەمی حکومەت ئەکراو...هتد

سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆبوو، رۆژێک ئوتۆمبیلەکەی لەبەر دوکانی بەشیردا راگرت و پاکەتێ جگەرەی لێکڕی.

قەزاز: ئەوەچیە وەستا بەشیر، ئەوشتە قۆڕانە چین؟ ئەو شتانە کێ بۆت ئەنووسێ کەهەمووی جنێون بەحکومەت، ئەو شتانە چین؟

بەشیر: کێ بۆم ئەنووسێ! من خۆم قەلەمم بەقوەتە، خۆم ئەینووسم.

قەزاز: باشە خۆت قەلەمت بەقوەتە، بۆچی لەدژی حکومەت ئەنووسی؟ حکومەت چی لەتۆکردوە؟

بەشیر: سەعید بەگ، با حکومەت گەواد نەبێ و منیش لەدژی نەنووسم. من بۆ لەدژی جەنابت نانووسم و لەدژی حکومەت ئەنووسم؟

قەزاز: باشە باشە، بەڵام جنێو بەمن مەدە.

بەشیر: نا، رۆحەکەم، من چۆن جنێو بەتۆ ئەدەم! تۆ زاتێکی گەورەی . من جنێو بە وەزیرە گەوادەکانی ئەم حکومەتە ئەدەم!

سەعید قەزاز سەرێکی باداو پێکەنی و رۆی!

***

لە پاشماوەی بەرگدروێتییەکەی، تەنیا مەقەستە زێرینەکەو گەزە ئاسنەکەی هێشتەوە. ئەمجارە دوکانەکەی زیاتر بوو بە روانگەی هیوای کورد. هەرچی جاپکراوی کوردی هەیە لە دوکانەکەی ئەودا ئەفرۆشرا، هەندێ وردەواڵاشی تیا ئەفرۆشرا. خۆیشی بەردەوام کەوتە تەئلیفکردنی هۆنراوەو وتاری کوردایەتیانەی ئاگرین. دیارە وەک نووسەرە گەورەکانی جیهان، پێنووسە ئاگراوییەکەی ئەدایە دەس یەکێک لە مریدەکانی و فەرمانی پێئەدا لەبارەی فڵان



ئێستا هەریەکە لەئاشێ ئەکەن، دژوناکۆکن، بڕوانە ئەلبان، بڕوانەرە چین!
زریان:ئەوانە دیاردەی پەلهاویشتنی ئیمپریالیستن، جا ئەوانە چین؟
شەماڵ:هەرگیز وانیە،ئەوانە دیاردەوبەڵگەی ئاشکران کەنەتەوەیین
خۆ لەوێ کەسێ بۆرجوانییە، نەدەرەبەگ و نەسەرمایەدار
شەڕی مانەوەی خودی خۆ ئەکەن بندەرەبەگ وپاڵەو کرێکار
بەشیر:رۆحەکەم ئێوە شەڕی چیتانە؟ هەرمەلایەک گەر لەم رێگەوبانە
هات و بینیتان ئێوە پێمبڵێن، ناوشانی ئەکەم بەخەڵتانی خوێن
شەماڵ :مەلای لابەلا ئێستاکەش ماوە!
بۆچی مامۆستا شتێ روویداوە؟
بەشیر:تۆزی لەمەوبەر ، چوار فسکولبەسەر
هاتن بۆپاکەت،پارەی قەڵبیاندا لەجیاتی دینار
باقیمدانەوە،کۆڵێ پەنجایی،ئاخ لەمەلای خوار

سوجادی کە فسکولی لەسەردایە، دێت. بەشیر گەزەکەی لێراستئەکاتەوە

سوجادی:کوڕە چیئەکەی؟بۆچی ئەمکوژی،چیتە ماڵوێران
شەماڵ:ئەمە مامۆستا عەلائەدینە، سوجادیی خۆمان!
بەشیر:گیانە ببوورە ناهەقمنیە
سوجادی:ئەم تووڕەبوونەی ئەمڕۆت هی چیە؟
بەشیر:چوار فسکولبەسەرمەلای لابەلا،پاکەتیان کڕی پارەی قەڵبیاندا!
سوجادی:پارەی تەواون کوانێ قەڵبی چین؟ ئەمانە لیرەن، لیرەی لبنانین
بەشیر:وتم موسوڵمان شتی واناکا، ئێستاکە لیرە یەکی چەنئەکا؟
سوجادی:تۆ باسی کامجۆر لە لیرە ئەکەی؟
بەشیر:تۆش وەکو ئەوان پەنگم پێنەدەی!
تۆ ئێستا نەتوت ئەمانە لیرەن!؟ منیش ئەپرسم لیرەیەک بەچەن؟
زریان:لێیگەڕێ بۆمن،کەچوومەوە شار،نرخی وەرئەگرم
لەلای خەلیفەی لفکەو بەنەخوێن لیرەت بۆئەکڕم

لەبەرخانەقا، خەلیفە چەنجارێ هاوارئەکا :

<u>لە بەرخانەقاوە:</u>

یەکە: من تۆئەناسم تۆهەژدەی هاری ئەم شارە نەبووی؟
ئەم وانەی بەرزی مرۆڤایەتییە لەکوێوە فێربووی!؟
هەژدە:تۆ کلکی گەڕی ئیمپریالستی، بەرەی ماکارسیت
شەشە:تۆ دژی گەلیت، دژی پێشکەوتن، تۆدژی ئاشتیت
یەکە :نا توورەمەبن، تۆزێ لەسەرخۆ
من وایئەزانم توورەبوون بێ هۆ
بەڵگەی ناپاکی، یا لاوازییە
جارێ سەرەتای گەمەو وازییە
شەشە:یەکەی شۆڤێنی کردت بە وازی!؟
یەکە :من وا هەستئەکەم تۆ زۆر لاوازی
شەشە:نانا بەقوربان، من پاڵەوانم، یەکە بە ساقە ئارامی گیانم
یەکە :دەمێکی گەرم و زمانێکی لووس، بە رەشەبایەک تۆهەرەسدێنی
گوڵ و گوڵخونچەو گەڵاو پەلوپۆی نەمامی باخت هەڵئەوەرێنی!

<u>ئنجا رووئەکاتە هەژدە:</u>

تۆش لەوەئەچێ کەوڵی ناپاکیت بۆمابێتەوە لەباوانتەوە
ئەم جرتوفرتە مۆری نهێنیی دەسەڵاتیکە بەچاوانتەوە

<u>لەدوکانی بەشیرەوە:</u>

زریان:ئێمەی کرێکاربەبێ نەتەوەو بێ نیشتمانین
ئێمە کۆگەلین، ئێمە دانیشتووی هەمووجیهانین
شەماڵ:ئەمە بیرۆکەی زانستینیە، ئێوە ناڕەوا لەسەر زانستی ئەرکن و بارن
مرۆڤ هەرچیبێ، نیشتمانیش ونەتەوەی هەیە،ئێوە نەپاڵە، نەکرێکارن
ئێوە ڤایرۆسی ناکۆکیی گەلن،کۆمەڵێ گرێن
دەردی دەروونن،خۆشتان نازانن لەچین ولەکێن
ئێوەی جیهانی ، واتان ئەزانی
هەموو یەک بیروباوەڕورێگەن،کۆک وئارامن،یەک راستەخەت وهێڵی جیهانین



بابەتەوە وتارێک، یا هۆنراوەیەکی بۆ بنووسێ. هەڵبەت هێڵە پانەکانی بابەتەکەی بۆ دیاری ئەکردو ئەیوت دە ئیتر خۆت هێڵە ستوونی و وردەکارییەکانی تەواوکە!!

دوکانەکەی هەمیشە جمەیئەهات لە موریدەکانی، بەتایبەتی (حەوتەی مژدەبەر) کە ژمارەیان لە حەوت زیاتربوو، بەڵام لە زۆر کاتدا، تەنیا هەر حەوتیان ئامادەییان هەبوو. رووی تێکردن و وتی:

بەشیر: ئەمەوێ وتارێک لەسەر نەوت بنووسم .

محەمەد: زۆر باشە، من شارەزاییم لەو بارەیەوە هەیە. خوێندکارێکی دوا پۆلی بەشی کیمیام لە زانکۆ.

بەشیر: دە بنووسە : لەکەرکوک ژنان کونگەیان ئەبرد بۆ بابە گوڕگوڕو پریانئەکرد لەو نەوتەی هەڵئەقوڵاو بۆ چێشتلێنان و چرا بەکاریان ئەهێنا، بەکوڵی کەر ئەبرا بۆ شارەکانیتر. کە ئنگلیز بەوەی زانی، پاشقولێکی لە فەرەنسا گرت و سورییەی پێگۆڕییەوە بە عێراق! کە رەخنەیان لە کلیمەنسوی سەرۆکی فەرەنسە ئەگرت بۆ ئەو ئاڵوگۆڕەو پێیانئەوت عێراق نەوتی تیایە! کلیمەنسو ئەوەندە بێ دیماغبوو ئەیوت جا نەوت چیە، من هەرکات نەوتم پێویستبێ، ئەچم لە دەرمانخانە بوتڵێک ئەکڕم..ئێی! ئەوە داری نەوتە بە رۆحی ئێمەوە! ئەو نەوتە، بوو بەئاگرو بەربوە گیانی کورد!.. دە ئیتر خۆت تەواویکە.

+ روویکردە هەژارو پێنووسەکەی دایە دەستی و وتی: بنووسە : مەیل، دیسان مەیل، وە مەیل، مەیلی من وەتەن..مەیلی من مریەم.. ئیتر خۆت تەواویکا.ئەوەشی پەیوەندیی بەمریەمەوە هەیە، با ژیر، تەواویکا.

+ بە ژیری وت: تۆ لە هەموو کەس باشتر ئەزانی کە من چەند پەرۆشی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانم. بزانم تۆ چیم بۆ ئەنووسی؟

+ رووی کردە شوکری و پێیوت: تۆ مادەم لە چاپخانە کارئەکەی، پیرۆزنامەیەکم بە بۆنەی نەورۆزەوە بۆ چاپکە. پیرۆزنامەیەکی بەقوەتبێ، با ئەوانەی ئەڵێن کورد نەتەوەنیەو مافی جیابوونەوەی نیە، شەقبەرن! رۆحەکەم نەترسیت، بڵێ ئەوەی جیابوونەوەخواز نەبێ، گەوادە.

هەریەکەو ئەرکەکەی خۆی بە ڕێکوپێکی بەجێگەیاندو لە میدیاکاندا بڵاویانکردەوە. لە دانیشتنێکیتردا کە ئەو موریدانەو هەندێکیکەش ئامادەبیوون، مامۆستا وتی: من کۆمەڵێ شتی عەجیبم بڵاوکردۆتەوە ( وتاری نەوتەکە لە ڕۆژنامەی بڕواداو ئەوانیکەش لە گۆڤارو ڕۆژنامەیتردا بڵاوکرابوونەوە) هەموویانی دایە دەس وردی و وتی بۆیان بخوێنەرەوە. ئەویش ئەمانەی بۆ خوێندنەوە:

ئەوەی هەژار:

مەیل دیسان مەیل ، دڵ پڕە لە مەیل
دڵ کەیلە لە خەم لەبەر مەیلی لەیل
لەیلی من وەتەن منم مەجنونی
هەردوولا تووشبووین کزێ و زەبوونی
هەرگیز لانەچوو مەیلی لەناو دڵ
وەتەن وەتەنمە بشچمە ژێر گڵ
تا دایکی وەتەن دیل و یەخسیرە
دڵ پەست و خەمبار بەشیر موشیرە

تەواوکردنەکەی ژێر:

لەیلی من مریەم، منم مەجنونی
کاتێ کە ئەمرم، ئەو بە مەحزوونی
دێتە سەر گۆڕم، دەس بە گوڵەوە
بەکامی هەست و جۆشی دڵەوە
ئەڕێژێ ئەسرین بۆگەورەی کوردان
بەڵێنبێ مریەم، شاجوانی جیهان
لەودنیاش ئەگەر زیندوو بوومەوە
بۆ کوردو بۆ تۆ تێهەڵبچمەوە

ئەوەی ژێر:



ناوێکی قەبەی بەبێ ناوکە مرۆڤایەتی
وێڵی سەرەڕۆی بەبێ باوکە مرۆڤایەتی
یا ئەشێ بڵێین کوێرە پیاوێکە مرۆڤایەتی
یا لەڕێگەدا سوێرە ئاوێکە مرۆڤایەتی
بووکی موغازەی شۆخوقەشەنگە مرۆڤایەتی
دەنگ وئاوازی بێ بۆن و رەنگە مرۆڤایەتی
شمشاڵی دەمی جادوگەرانە مرۆڤایەتی
ئاوات و خەمی بێخەبەرانە مرۆڤایەتی
بەواتەی خەڵکی تاکوتەنیایە مرۆڤایەتی
کچی ئاسمان و بووکی دەریایە مرۆڤایەتی
لەخشتەبراو یا خەڕۆیەکە مرۆڤایەتی
لەبۆسەنراو یا درۆیەکە مرۆڤایەتی
سەرم سوڕماوە لەوگێلەپیاووهەرزەکارانە
بەبێ بینینی، بێ بۆنی خۆشی ئەو پەریخانە
دڵداریی گەشی کاکەمەمێکی لەگەڵدائەکەن
یاپەردەی رەشی تازەخەمێکی بەسەردائەدەن
وێنەی دەروێشی نەدیدە شێخێ هەیئەلایانە
شێوەی سەرخۆشی کولاوەڕێشێ واوەیلایانە
ئەم تەپڵە بۆشە ئاوازی رۆژە یاهی شەوانە
ئەم مژدە خۆشە پاداشی زۆرە یا خەموژانە؟
گریمان ئەمبێ مرۆڤایەتی یائەویتریان
هەتا ئێستاکە لەڕێکەوتیشا نەیدی کوردستان
نەیدی شۆخی وا نیگای چاوێکی لێوەبباری
یابزەی دەمی بەرەوڕووی ئێمە جارەنەجارێ
گێلەپیاوەکان هەرزەباوەڕی وتاری پەتی
کێ لەگەڵ من و تۆ ئەکا شەڕی مرۆڤایەتی!؟

لەگەڵ ئەو ئەبیت،لەگەڵ ئەو ئەژیت،لەگەڵ ئەوئەمریت
کە ئاوەهابێ بوونونەبوونت، دەئیترتۆچیت
شەشە:بوونت جۆرێکە لەقۆناغێکی بۆرجوازێتی
تۆکەئاوابی،ئیتر چیتداوە لە شانازێتی؟
یەکە: ئێوە زۆرهەڵەن من ئاوازێکم دڵگیرو بەسۆز
من مەشخەڵێکم ،من باوەڕێکم نەمرووپیرۆز
من پێش بۆرجوا لەدایکبووم وتاهەتا ئەژیم
من بیرم هەیە،لەشم ئەبزوێ، ئیتر بۆچینیم!؟

مۆسیقایەکی ترسناک،رووناکی کزئەبێ،یەکە بەسەرسامی بەچوارلادا ئەخولێتەوە،شەش کەس خاشاوڵی بۆئەبەن و ئەڵێن: مرۆڤایەتین، مرۆڤایەتین لە دوکانی بەشیرەوە:

شەماڵ:نابێ بۆ هەژدەی ، ئەبێ بۆ یەکەی
زریان:نابێ بۆ یەکەی ، ئەبێ بۆهەژدەی
هەژدە پێشکەوتنخوازی وڵاتە ، یەکە هەر نیە یەکە هەلاتە
شەماڵ:یەکە بۆنیە؟ یەکە ئەبزوێ، دیارە جێدەستی
زریان:ئاخر وائەڵێ بیری پێشکەوتنخوازو زانستی
شەماڵ:من یەکەم دیوە بەچاوانی خۆم
زریان: بەڵێ ئەزانم منیش لەگەڵ تۆم
بەڵام بێ زمان، بێ خاک، بێ کلتوور، ئابووریی هاوبەش
شەماڵ:ئەوانە بین نەبن ئەونابێ لەژیان بێبەش
زریان:جگەلەوانە، هەژدە دیموکرات، پێشکەوتنخوازە
یەکە قۆناغە، یەکە بانەبێ، یەکە لاوازە
ئەبێ بزربێ، بۆ زوربە لاواز، یاکەمایەتی
هەژدە هەڵگری باوەڕی بەرزی مرۆڤایەتی

گوڵە لەتەکێوە ئەم هۆنراوەیە ئەخوێنێتەوە



گەلێ ئازادیی لە یادو بیربێ
خاوەنی رۆڵەی وەکو بەشیربێ
بەشیر موشیربێ و کامڵ و ژیربێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیربێ
ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

وردی ئەمانەشی خوێندەوە:
پیرەمێرد، ئەڵێ:
ئێمە بەشیر موشێرێکمان هەیە حیسیاتی ئەو بەرامبەر بە کوردایەتی، واتا هەستی، دابەش بکەی . بەشی هەموو کورد ئەکا.

دوکتور قاسملۆش ئەڵێ : چ میللەتێک بەشیری هەیە!؟

بەشیر دایە پڕمەی گریان! بەدەم هەنسکەوە وتی: ئەترسم بمرم، ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان نەبینم!! ئەترسم بمرم و کورد بێ سەرۆک بمێنێتەوە!!ئەترسم بمرم و مریەم بێبەشیر بمێنێتەوە! ئەترسم بمرم و تەبایی و یەکێتی لەناو نەتەوەکەمدا نەمێنێ و دەستیان بچێتە خوێنی یەکدی!! ئنجا روویکردە ئاسمان و وتی:

خودا کەعبە بەمنچی کە چوار دیوارە
کەعبەم، دیدەنی بەیداخی کوردەوارە

ژیر: مامۆستا دڵ لە دڵ نەدەی، تۆ هەرگیز نامری. ئەگەر بە جەستەش لە نەتەوەکەت جیابیتەوە، بە گیان هەر لەگەڵیدا ئەمێنیتەوەو بەرەو سەربەخۆیی ئاڕاستەی ئەکەی. ئەی خۆت نەتفەرمووە:

وەتەن بەخۆشی گەر ببینمەوە
ئیتر هەر دەژیم قەت نامرمەوە

مام جەلال روویکردە مامۆستاو ئاماژەی بۆ ژیر کردو وتی: ئەوە نابێ، چۆن ئەبێ خۆی بخاتە ئاستی تۆ!؟ ئەوەتا ئەڵێ: بەشیر موشیربێ و کامیل و ژیربێ !

ژیر: نەخێر. کامڵ و ژیربێ.

مامۆستا وەڵامی  مامی دایەوە: ڕۆحەکەم تۆ ناتوانی بەینی من و ئەو تێکبدەی.. (بوو بە پێکەنین) ئنجا پێیوت: ئێوە ئاگاتان لە خۆتانبێ، نەکەن بە داگیرکەرانی کوردستان باوەڕبکەن. ئەم سەگبابانە دوژمنی کوردن، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەکەن مافەکانی نەتەوەکەم لەسەر دەستی ئەمانەدا جێبەجێببێ.

وردی، ئەو کارتەشی خوێندەوە کە شوکری بە خەتە خۆشەکەی زەنگوغرافیکردبوو بۆ جەژنی نەورۆز:

نەورۆزت پیرۆز
ئەی برای دڵسۆز
بەشیر، موشیری کوردی ئازادە
کێ جیاخواز نەبێ، دیارە گەوادە

بە پێکەنین و چەپڵە، وەڵامی کارتەکە درایەوە!.

***

سوجادی: لە سەرچاوەیەکدا نوسراوە: ( کورد لە عێراق و تورکیاو ئێران وسوریاش کەمینەیە ، لە هیچ لایەکیان مافی جیابوونەوەی نیە. ئەبێ کەمینە بکرێ بەقوربانی زۆرینە، جگە لەوە، جیابوونەوەیان، زیان بە چینی پرۆلیتار ئەگەیەنێ، لەبەرئەوەش کە ئابوورییەکی هاوبەشی نیە، پێیناوترێ نەتەوە. ئەشڵێ هەموو کورد دە ملیۆن نابێ!.. سەرچاوەکە زیاتر لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: لەبەرئەوە، ناگونجێ یەکێک بەخۆی بڵێ: سەرۆکی هەموو کوردم )!.

ڕۆژبەیانی: ئەوە چ ماکەرێکە ئەیخورێ!؟ پەلێکیم بدەنە دەس، دایئەمرکێنمەوە!

وردی: لیۆشاوشی و ماوتسی تۆنگیش،  ئەو جۆرە بیردۆزانە ڕەتئەکەنەوە.

ژیر: کۆڵەکەی ئەستووری نەتەوە، هەستی هاوبەشە. لەهەر کونجێکی دنیا، لە ناسنامەی کوردێک بپرسی، بەجیاوازیی ئاین و بیروڕاو شێوەزمانەوە، ئەڵێ کوردم، ئەوە بەسە بۆ نەتەوەبوونی کورد. کورد بەخواستی خۆی نەبوە بەکەمینە لەو دەوڵەتانەدا. ئەوە لەئەنجامی داگیرکردنەوەیە. بۆچی ئەبێ کەمینە



هەژدە: ئەزانی بۆچی تۆنابێ ببی، یابڵێین تۆنیت
چونکە لەمەرجی بیری زانستی بێبەش و بەریت

شەشە:تۆهەتیوێکی بەبێباوانی ونی چارەڕەش
کوازەویی یەکسان،ئابووری،کلتوور،زمانی هاوبەش!؟

یەکە: هەموویم هەیە، جگەلەوانەش، من خۆم ئەزانم دڵنیام کە هەم
بە چەن ڕایەکی نازانستانەو بە قسەی ئێوە چۆن باوەڕ ئەکەم!؟
گوایە بۆچی نیم، ئەی باشە من چیم!؟

هەژدە:لەسەری مەڕۆ نەخێر تۆ هەر نیت

یەکە : ئەگەر من نەبم پێمناڵێی تۆ چیت!؟

شەشە: تۆدیارە یەجگارکۆنەپەرستی، ئەشێ نەزانی ئێمە بەرەو کوێ کەوتووینەتە ڕێ؟

هەژدە: ئێمە جیهانین بیرۆکەی تەسکی دواکەوتوان و کۆنەپەرستان ئەخەینە ژێر پێ

شەشە: نایەڵین ئێوە ببن بەگرێ لەڕێی جیهانا
لەڕێی یەکێتیی بەبێگومانی کرێکارانا

هەژدە: ئێمە پێویستە یارمەتی هەموو گەلانێ بدەین

شەشە:(بەتەوسەوە) بێجگە لەخۆمان! ڕاستە پێویستە درێغی نەکەین

یەکە:من چیمپێئەکرێ،خۆم کەرتوپەرتم خۆم کۆڵەوارم
من،جارێ بزر،من،نەبیسراوم، بێ دۆست ویارم

هەژدە:من ناهەقمبووکەئەموت تۆنیت؟ هەیهەی لەودەمە
بیری زانستی لەسەرڕەوایە کەئەڵێ کەمە
بانەبێ بەشی،یا بۆ زۆرینە ببێ بەقوربان
کەئەو قۆناغبێ ئەم گرێیە بۆ؟ لەڕێگەی جیهان!

یەکە: من وایتێئەگەم کەکردەوکۆشەم جێگەی داخنیە
بوونم تاسەرە، زانستیش ئەڵێ کە قۆناغنیە

هەژدە:یەکە تۆدیارە زۆرئەفریت وبەخۆت ئەنازی
زانستیش ئەڵێ هەتاسەرنابی تۆی بۆرجوازی

بکرێ بەقوربانی زۆرینە!؟ کێ کوڕی خۆی کردۆتە قوربانی کچی کی؟ ئێمە هیچکاتێ نامانەوێ کەمینەکانی ناو کوردستان بکەین بەقوربانی خۆمان. کورد خۆی بریاری چارەنووسی خۆی ئەداو کوێخایەتی کەس رەوانیە بەسەریەوە. پرۆلیتاری هەر نەتەوەیەکیش، بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی هەیە جیاواز لە هی نەتەوەکانیتر. ئاخر بۆیە کورد ئابووریی هاوبەشی نیە، چونکە نیشتمانەکەی کراوە بە پێنج بەشەوە. جابا کورد دە ملیۆن نەبێ، یەک ملیۆنبێ. مامۆستا بەشیریش هەموو کوردی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردۆتەوە، لەبەرئەوە سەرۆکی هەموو کوردە.

بەشیر سنگی دەرپەڕان. وردی دایە پڕمەی پێکەنین!

بەشیر: ئەوە بەچی پێئەکەنی!؟

وردی: بە هیچ

بەشیر: دە فەرموو ئەمە مامۆستاکەمانە. ئاخر کەس هەیە بەهیچ پێبکەنێ ؟

وردی: تۆ کە سەرۆکی هەموو کوردبی، چۆنئەبێ لە بەغداد دانیشی!؟

بەشیر: بەغدادیش شارێکی کوردستانیە.

وردی: چی!؟

ژیر: نەک هەر بەغداد، عێراق هەمووی کوردستانیبوو. عێراق ناوێکی کوردییە. کیشیەکان پێیانئەوت(ئەریکا) میدییەکان ئەیانوت(ئیراکستان). بەزاری لوڕی و هەورامی،ئیراک، واتا(نزمایی خواروو). جا لەبەرئەوەی کیشییەکان رەگێکی کوردبوون، ئیراک، وشەیەکی زاری فەیلیە. ئەوەش راستنیە کە ئەبو جەعفەری مەنسور، بنیاتنەری شاری بەغدایە. پێش ئەو، بەغداد هەر هەبوو.

رۆژبەیانی: کوردبوونی عێراق لە سەردەمی ساسانیەکانداو پێش ئەوانیش، گومانێکی لەسەرنیە. ئەوکاتە هێشتا عەرەب پێی نەخستبوە ئەم وڵاتە، زمانی ساسانیەکانیش، تا سەردەمی حەجاجی کوی یوسفی سەقەفی، کوردیبوو.

وردی: بە ئێستەمان چی؟ ئەوەتا ئێستە ئەڵێن هەموو کورد دە ملیۆن نابێ .

ژیر: قەرز کۆن ئەبێ، نافەوتێ! تۆ بڵێی ئێمەش رۆژێکمان نەبێ!؟



ئەی ئەم یانەیە بەچی بگێڕم؟ ئەفەندی تۆبۆ تێناگەی کەمێ؟

<u>نووسەرەکە وەک تێبگا،سەرێک رائەوەشێنێ وئەڕوا.بەشیرگرژو تووڕە ئەبێ.</u>

شەماڵ: دە گوێی مەدەرێ مامۆستای بەڕێز ئەم خەڵکە درەنگ لەئێوە ئەگەن

زریان: ئەزانی بۆچی؟ چونکە فەرمان و بۆچوونی ئێوە هەمووی فەلسەفەن

بەشیر: کاکە شەماڵ گیان هەرئەوەنیە، من خەمم زۆرە، قەت نایە لەبن

ئەولادەکانم،نە بلیمەتن نە فەیلەسوفن، هیچیان وەکو من

زریان: باشە مامۆستا ئەی بۆچی ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە

بەشیر: لەسەر بنچینەی دایکیان رواون لەسەری مەڕۆ با ببڕێتەوە

ئەوە چل ساڵە خێزانی منە، ئەمڕۆ بۆمدەرکەوت کەوا کوردنیە

پەروەردەی مناڵ چۆن وەهائەبێ! بەئاگاو هۆش و دەستوبرد نیە

بۆیە جوابمدا، پێی ناوێ ئیتر

نە دیاریی عەرەب، نە شیری وشتر

<u>هەراکەی بەرخانەقا بەردەوامە</u>

شەشە: ئێوە لاداوی خەتی راستە ڕێن، کەس تێتان ناگا، ئێوە بەرەی کێن!

هەژدە: ئێوە لاداوی خەتی راستەڕێن، کەس تێتان ناگا، ئێوە بەرەی کێن!

شەشە: ئێوە لە دێون، درنجن لەچین، بەکورتی ئێوە نەبوون و هەرنین

<u>بەسەرسامییەوە یەکە سەیرێکی خۆی ئەکاو لەخۆی ئەپرسێ:</u>

یەکە: بۆچی ئێمە نین!؟ کە نەبین ئەی چین!؟

ئەمە قۆڵمە، ئەمە شانمە، ئەمە دەستمە، ئەمە رانمە

گوێم لە دەنگمە، هۆشیشم هەیە، ئەزانم ئێستە رۆژگار کەیە

ئەوەگەنمە،ئەوە نیشانەی فەرمانڕەوایە

ئەوە دەسەڵات، ئەوە رژێمە،ئەوە یاسایە

شادی ئەنۆشم، ئەخۆمەوە خەم

بیرئەکەمەوە، کەواتە من هەم (رووئەکاتە هەژدە)

ئەگەر ئێمە نین، تۆلەگەڵکێتە، تۆکێئەدوێنی

لەکێڵگەیکێدا، تۆوی جەنگێکی دژوارئەچێنی؟

بەشیر: بە دینی پێغەمبەر، رقم هەستێنن، کورد ئەگەیەنمە
سەد ملیۆن!
نەسرین: چۆن؟
بەشیر: ئێستە عێراق چەن ملیۆنە؟
نەسرین: 12
بەشیر: چەنی کوردە؟
نەسرین: 3
بەشیر: ئەی تورکیا؟
نەسرین: 28 و 7 ی کوردە. ئێرانیش هەربەوجۆرە. سوریاش لە 6، 1 ی کوردە. لە سۆڤێتیش یەک ملیۆن هەیە. لە لبنان و ئەملاولایتریش یەک ملیۆن کورد هەیە.
بەشیر: هەمووی کردییە چەن؟
نەسرین: 20 ملیۆن
بەشیر: کەوابێ، ئەی چین کە 800 ملیۆنە، چۆنئەبێ 80 ملیۆنی کوردنەبێ!؟ (هەموو چەپڵەو پێکەنین).

***

لاوێک هاتە بەردەم دوکانەکەو وتی: مامۆستا دەستەکانت خۆشبێ، وتارەکەت لەسەر نەوت، لەئاستێکی زۆر بەرزدایە. هەندێ زاراوەی تیایە، تێیان ناگەم! ئەکرێ تێمبگەیەنی؟
مامۆستا پشتی تێکرد! لاوەکە هەمان پرسیارەکەی دووبارەکردەوە. مامۆستا وتی: ئاخر دیماغ، تۆ کە شتێک نازانی، بۆ پرسیار ئەکەی!؟ بۆ من مەدرەسەم داناوە!؟ لاوەکە بە سەرسامییەوە رۆی. دانیشتوەکان هەوڵیان ئەدا پێکەنینەکانیان بشارنەوە.
مامۆستا گیوی موکریانی لە هەولێرەوە هات و دوای سڵاوو بەخێرهاتن وتی: من گیوی برای حسەین حوزنی موکریانیی داماوام. داماو زۆر بێبەختبوو، داماو ئەو هەموو خزمەتەی بە کورد کرد کەچی کەس پێینازانێ.



یەکە ئەچێ لەتەکێ دەستی گوڵە ئەگرێ و ئەیهێنێ بۆ بەرخانەقاو لەسەر ئاوازی پۆستوئیدارە هەڵئەپەرن. هەژدە نەرەیەک ئەکاو هەڵپەرینەکە ئەوەستێ.
هەژدە: نابێ بۆ یەکەی
شەشە: ئەبێ بۆ هەژدەی؟
یەکە: بۆچی بۆ هەژدەی؟
شەشە: چونکە هەژدەهەم بەرەی خۆمانە
یەکە: جوانە زۆر جوانە، جادەکەی پانە
شەشە: هەروایە گیانە، دەوروزەمانە
یەکە : ئەی بۆچی گەنم بەپێی لێهاتن، بە بەهرە نەبێ؟
شەشە: نابێ نا نابێ پێویستە گەنم هەر لەم بەرەبێ
مۆسیقای دروێنە ئەبیسرێ، هەژدە دەسی گوڵە ئەگرێ و سەمای دروێنە ئەکەن. یەکە نەرەیەک ئەکا، سەماکە ئەوەستێ.
یەکە : من تێناگەم بۆ
هەژدە: بۆی ناوێ وایە
بریاری شەشە راست و رەوایە
ناگونجێ گەنم بەپێی بەهرەبێ
پێویستە گەنم هەر لەم بەرەبێ
یەکە : ئەی بۆچی ئێوەش بەرەی ئێمەنین؟
هەژدە: چی!؟ بەرەی ئێوە؟ بۆچی ئێوە چین!؟
نووسەرێک ئەچێتە بەر دوکانەکەی بەشیرو ئەڵێ
مامۆستا هاتووم بۆ پارەی کتێب، چەنجارە من دێم پێیناوێ چیتر
بەشیر: ئێتەقی شەڕە مەن ئەحسەنتەهو، دەفەرموو ئەمەش گاگوویەکیتر!
نووسەر:بۆ وامپێئەڵێی من چیمکردوە بۆچی مامۆستا
بەشیر : من ناهەقمبوو وەهام پێوتی کە رقم هەستا ؟
چیتئەوێ لەمن؟من کتێبیشت بۆساغکەمەوەو پارەشت بەمێ!؟

بای هەناسەم دای لەکوڵم و گۆنا، رووشانی و تک تک خوێنی لێهێنا

<u>وەڵام بە (ئا) :</u>

ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ، شاڵاوی پیری با بە ڕووما بێ

من هەر منالَم گڕوگاڵ ئەکەم، داوای مژینی گۆناو خاڵ ئەکەم

<u>لە بەرخانەقا، شەشە، لاوێکی باریکەڵەیە، تۆپێکی بەدەستەوەیە کە نەخشەی جیهانی لەسەر کێشراوە، یاریی پێئەکاو ئەڵێ:</u>

شەقام بەرینە ساڵ چل و هەشتە، زۆرانبازییە، یارییەو گەشتە

با دایمەزرێنین گەنم گەنمێنە، گەنم بۆکێبێ کێکەین بە وێنە ؟

بۆ گوڵی گەنم زەماوەندەو ساز، چ بەختەوەرێ ئەبێ بەدڵخواز ؟

<u>لاوێکی باڵابەرز،یەکە، ئەڵێ:</u>

گەنم بۆ یەکەی گەنم هی منە، گەنم لەکوێیە؟ بۆ گەنم ونە؟

<u>لاوێکی تۆزێ گۆشتن،هەژدە، تۆپەکە ئەرفێنێ و ئەڵێ:</u>

لاچن فڕیوە، گەنم بۆهەژدەی کێ گەنمی دیوە؟

یەکە: نابێ بۆ هەژدەی

شەشە: ئەبێ بۆچەندەی؟

یەکە: ئەبێ بۆ یەکەی

هەژدە:نابێ بۆیەکەی

شەشە: ئەبێ بۆچەندەی؟

هەژدە: ئەبێ بۆهەژدەی

یەکە: نابێ بۆهەژدەی

شەشە: ئەبێ بۆچەندەی

یەکە : ئەبێ بۆ یەکەی؟

هەژدە:ئەبێ بۆیەکەی، نانا هەڵەمکرد، ئەبێ بۆهەژدەی

یەکە: هێی هێی هەڵەیکرد، بوو بە لێفە شڕ، بمدەرێ کوا دەی

<u>شەشە پەنجە بۆلای تەکێ رائەکێشێ و ئەڵێ:</u>

گەنم لەوێیە کێتان ئازایە، با گەنم بێنێ شایی ئارایە



ئەوە چەند رۆژە ئەگەڕێم بە دووی دوو کتێبی داوماودا، کەسێک نیە بلێ لەلای من هەیە، ئنجاوتی: وەستا بەشیر با حسابێکی ئەو گۆڤارو کتێبانە بکەین کە بۆم ناردووی. حەقولزەحمەتی خۆتی لێهەڵگرەو ئەویتریم بدەرێ. (مامۆستا گیو، لەگەڵ قسەکانیدا، سەری پەنجەکانی ئەژەنە لاقەپرغەی بەشیر!)

بەشیر سێ جار نیگەرانبوو. جارێک بە وشەی وەستاو جارێک بە داوای پارەو جارێکیش بە سیخورمەکان! لەوەڵامدا وتی: تۆ عەجیبی! تۆ ئەتەوێ من کتێبیشت بۆبفرۆشم و پارەشت بدەمێ!؟ ئەی من ئەم کەشتیی هیوای کوردە بەچی بەرم بەڕێوە؟ ئنجا تۆ داماو داماوی چیتە! داماو، شەیتان دەستی لێهەڵگرتوە، تۆ بۆ دەستی لێهەڵناگری!؟ ئەو کەی داماوبوو؟ ئەو ئەوەندە زیرەکبوو حەوت پیشەی ئەزانی. داماو بە کەسێک ئەڵێن بیەوێ لە روبارێک بپەڕێتەوەو قوفەی دەسنەکەێ، بە یەکێک ئەوترێ، لەوبەر ئەم شەقامەوە بە دوو جانتای گەورەوە بیەوێ بێتە ئەمبەرو پەیتووکە(ئۆتۆمبیل) رێگەی نەدا. داماو بەم زاتە(نەبەز) ئەوترێ کە ئەوە 3 مانگە بەشوێن شوقەیەکدا ئەگەڕێ و دەستیناکەوێ.

لە کاتی ئەو قسانەیدا، کڕیارێک هاتە بەردەم دوکانەکەو داوای پاکەت و شقارتەیەکیکرد، بەشیر وەڵامینەدایەوە. دووبارەی کردەوە، وەڵام نەبوو. سێبارەیکردەوە. بەشیر وتی: نیە. کڕیار وتی: ئەی ئەوەنیە هەیە!؟ بەشیر بەتووڕەییەوە وتی: ئاخر هەی دیماغ، تۆ نابینی ئێستا ئێمە خەریکی کێشەی داماوین؟ کابرا وتی: کێشەی داماو چیە؟ بەشیر وتی: ئەوە ئیشی تۆنیە. کڕیار وتی: من ئەبێ بزانم کێشەی داماو چیە؟ بەشیر دەستیدایە گەزی خەیاتییەکەی و لە سنگی کڕیارەکەی گیرکردو پاڵێکی پێوەناو دای بەزەویدا! کڕیارەکەیان هەستانەوەو وتی ئەچم شکاتئەکەم، پارێزەر ئەگرم. بەشیر وتی: بڕۆ. ئەو وتی: ناڕۆم تا نەزانم کێشەی داماو چیەو پاکەت و شقارتەکەشم هەر ئەوێ.

نەبەزپێیوت: داماو زاناو مێژوونووسێکی کوردبوو. وردی ( پاکەت و شقارتەکەی دایەو پاڵپێوەنا-هەموو ئەو هەرایە بە عەرەبییبوو).

***

باس هاتە سەر هۆی ناكۆكیی سۆڤێت و چین.

مام: هۆی ناكۆكیی چین و سۆڤێت، دوو ئاڕاستەی هزریی جیاوازە.

وردی: لیۆ شاو شێ، لە ماركسێتیدا، خۆی بە بیرمەندێكی گەورەتر ئەزانێ لەوانەی سۆڤێت.

هەژار: ناكۆكییەكەیان لەسەر سنوورە.

گیو: لەسەر هەریسەكەیە.

نەسرین: پیلانی ئەمریكایە.

وەرزێر: خۆپەرستیی هەردوو لایانە.

سوجادی: ناكۆكییەكانیان لەسەر هەندێک زەوییە.

پاكیزە: بەردێ لە ئاسمان بكەوێتە خوارێ، خەتای ئنگلیزە.

ڕۆژبەیانی: ڕەگێكی مێژوویی هەیە.

نەبەز: لەسەر ڕابەرایەتیی بلۆكی سۆشیالستییە.

ژیر: ناتەواوی لە بیردۆزەكانیاندا هەیە. لەبواری جێبەجێكردندا، ئەنجام وەک پێشبینییەكانیان دەرناچێ. ئەوەش ناكۆكیان ئەكات.

بەشیر: نا ڕۆحەكەم، هیچتان نەتانزانی. هۆكەی ئەوەیە: عیزەدین لە مۆسكۆبێ، چۆن نێوانی سۆڤێت و چین تێكناچێ؟

هەموو دایانە قاقای پێكەنین..

***

بەشیر كولێرەیەكی جۆی دەرهێناو دەستیكرد بەخواردنی. ڕەفیق حیلمی و برادەرێكی هاتن. خەزنەداریش هات.

حیلمی: ئای! بەشیر ئەوە رزقی كەر ئەخۆی؟

بەشیر: دەفەرموو ئەمە ئاقڵەكەمانە!! ئیترچۆن ئەبین بەدەوڵەت!؟ ئاخر ڕۆحەكەم تۆنازانی من شەكرەمە؟ خۆ من ئەو كوڕەی جاران نەماوم. ئەوساڵەی لەتارانەوە بەپاپۆڕ چووم بۆ ئەستەموڵ، خواردنی وایان بۆئەهێنایین هەمووی دووگ و چەوریبوو! ئێستە نابێ نانی گەنمیش بخۆم، ناچارم نانی جۆ ئەخۆم!



بەشیر بە مەقەستێک وێنەی نووسەرێكی لەرۆژنامەیەک دەرهێناوە!

كریارێک بەسەرسامییەوە بەهێما ئەپرسێ بۆ!؟

بەشیر: كاكە تۆ بۆچی سەرت سوڕماوە؟ هەڵبەت ڕەقابە دەریهێناوە

شەماڵ و زریان پەیدائەبن و ئەپرسن بۆ!؟

بەشیر: من ئەڵێم خۆم چووم لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ بەپشتی پاپۆڕ
ئەو ئەڵێ نابێ، كوادەریا هەیە؟ لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ،وەستا قسەی قوڕ!

شەماڵ: چۆن چۆن مامۆستا ، كێ وتی وەستا!

بەشیر: ڕۆحەكەم وەستاش خاتری ئەوبێ،ئەو بەخۆیئەڵێ خەزنەی زانستیم
خەزنەی زانستی!خەزنەی تەڕەماش،گەرئەو خەزنەبێ ئەیباشە من چیم!؟

زریان: چۆنچۆن مامۆستا،من گوێملێنەبوو،كێیە ئەوكەسەی تۆئەڕەنجێنێ!؟

بەشێر: ناوی مەهێنن، ئیتر نە وێنەی،نە سەروتاری نابێ بمێنێ
ئەو ئەڵێ نابێ،كوا دەریا هەیە لەتارانەوە هەتا ئەستەموڵ
دەتوخوا وەرە مەمرە لەداخا!ئەوە نەیگری و بیدەیتە بەرشووڵ!

شەماڵ: باشە لەبەرچی!؟ ئەیتۆ وتت چی؟

بەشیر: وتم ڕۆحەكەم تۆنەمامۆستای،نە خوێندەواری،نەفەیلەسوفی،نە دەوڵەمەندی،نەخەزنەداری
منیش ئەزانم ئێستاكە دەریای گەورەو بەرینی وەها نەماوە
من باسی كاتی سەفەربەرئەكەم، تۆبۆچی سەرت والێشێواوە!؟

شەمال و زریان پێیەكەنن. لەتەكێوە، گوڵە، ئەم هەڵبەستە ئەخوێنێتەوە:

لەجەژنا شادیئ و گڕەی دەروونم، تێكەڵاوئەبێ و پەیامی روونم
ئەنێرم بۆ تۆو بۆ كوردستانم، بۆتۆ بزەی لێو، بۆ ئەویش گیانم

یەكێک وەک شەرەهۆنراوە، بەپیتی (م) وەڵامیئەداتەوە:

مەمكە بەخاڵۆ ئەی خاوەن خاڵان، دڵم زێڕێكە نایدەم بەتاڵان
نەمداوە بەكەس هێشتا ساوایە، تازە خاڵێكی خاڵی تۆی تیایە

یەكێكیكە بە(هێ) ئەڵێ:

هاتم نوستبووی مەستی خەوبینین، سەرم نایەسەر سەری سەرسەرین

# گەورە پیاو

## شانۆنامە

کات : ساڵەکانی 1948 – 1963 یە

جێگە : دوکانی بەشیر موشیر- فرۆشیاری کتێب و وردەواڵاو مەڵبەندی ڕۆشنبیران لە چەپی شانۆکەدا لەحەیدەرخانە- بەغداد. بەرخانەقای سلێمانی- جێگەی دەمقاڵی سیاسی لەناوەڕاستی شانۆکەدا. باخی تەکێ لەسلێمانی- کۆڕی وێژەوان و ڕۆشنبیران لە ڕاستی شانۆکەدا.



خەزنەدار: وەستا بەشیر کەی لەنێوان تاران و ئەستەموڵدا دەریا هەیە!؟ چۆن بەپاپۆڕ چوویت؟

بەشیر: لە وشەی وەستا هەڵسڵەمیەوەو بەتووڕەییەوە وتی: چووم.

خەزنەدار: ئای! خۆ هەرئەڵێ چووم. ئاخر دەریا نیە، چۆن چوویت!؟ من جوگرافیام خوێندوەو خەزنەیەکی زانستم، ئەزانم دەریا نیە.

بەشیر: ئاخر هەی دیماغ، بۆ من نازانم ئێستە دەریا نییە؟ من باسی سەردەمی سەفەربەر ئەکەم، ئەوسا هەبوو.تۆ ئەگەر خەزنەی زانست بوویتایە، ئەبوایە بتزانیایە ئەوسا هەبوو. ( پەلاماری گەزی خەیاتییەکەی لێدا )و وتی: هەستە بۆدەرەوە، جارێکیتر نەیەیتەوە بێرەدا. ( خەزنەدار بەپەلە بۆیدەرچوو) لەبەر خۆیەوە :خەزنەی زانست!! خەزنەی گوو! تۆ سەیریکە! هەم ناشیرین، هەم قسەڕەق، هەم میوعی!!

وەرزێر: کوا خەزنەدار شیوعی نییە!

بەشیر: وتم میوعی.

وەرزێر: میوعی چیە؟

بەشیر: میوعی ئەوەیە، لە حیزبی شیوعیدا نیە، بەڵام هەر بە تەپڵی مارکسی هەڵئەپەڕێ!

حیلمی: ئەوە بۆ وات بەو پیاوەکردا!؟

بەشیر: کابرایەکی عەجیبە! من ئەڵێم خۆم چووم، ئەو ئەڵێ دەریا نیە! ئاخر ناهەقمە کەئەڵێم: ئەم میللەتە بەکەڵکی ئەوە نایەت سەرۆکێکی وەک منی هەبێ!؟

نەبەز: ئەوە هیتلەریش وایوت، وتی: گەلی ئەڵمان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرۆکێکی وەک ئەوی هەبێ.

بەشیر: ئەویش هەقیبوو.

حیلمی: ئەرێ بەشیر، بلە بۆ وائەکا؟

بەشیر: چیکردوە؟

حیلمی: من و گۆران چووین بۆ کۆنگرەی ئەدیبانی عەرەب لە کویت، کەچی لەرۆژنامەکەیدا(خەبات) ئێمەی داوەتە بەرتانەو تەشەر! جگە لەوە، چوار مانگە نامەم بۆ نووسیون ببمە ئەندامی پارتی، کەچی هەر وەڵامیشم ناداتەوە!

برایم ئەحمەد لەوبەری شەقامەکەوە تێپەڕی، بەشیر بانگیکردو وتی وەرە دانیشە.

بەشیر: رۆحەکەم تۆبۆ لەرۆژنامەکەتدا قسە بەم زاتە ئەڵێی؟ ئەی بۆتۆنایەڵی ببێ بەئەندام لەپارتید!؟

بلە: من حەدم نیە قسە بە رەفیق بەگ بڵێم، ئەوە من نەبووم. ئنجا بۆ نامەکەی، ئێمە رەفیق بەگ بەسەرۆکی خۆمان ئەزانین، ئەندام یانیچی!

بەشیر: تۆ ئەڵێی چی؟ (حیلمی هیچ وەڵامێکی نەبوو) کەواتە تۆ فت! نۆرەی منە (روویکردە بلە) ئەی لەگەڵ من چ دوژمنایەتییەکت هەیە؟ نەتهێشت ببم بە بەرپرسی رۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی عێراق لە تورکیا، قاسم ئەو جێگەیەی بۆ من دانابوو چونکە من هەم تورکیزانم، هەم موشیرم، هەم خۆشەویستی مریەم. تۆ نەتهێشت و درا بە رەفیق بەگ !

بلە: مامۆستا، ئێمە تۆمان داناوە ببی بە سەرۆکی هەموو کورد، ئەو ئیشە شایستەی گەورەیی تۆ نیە!.

حیلمی: بەشیر، بۆ بێدەنگبووی؟ .. کەواتە تۆش فت ( هەموو پێئەکەنن) دە ئیتر بە خۆت مەڵێ موشیر! ئێستا تەنیا یەک موشیر هەیە، ئەویش ئەوەی میسرە، موشیر روکن عەبدولحەکیم عامیر.

بەشیر: ئەو گەوادە کەی موشیرە؟ بە دینی پێغەمبەر بەکەڵکی موعەلیمیش نایەت!

نەبەز: مامۆستا سوپاس!

بەشیر: نا، رۆحەکەم، من مەبەستم موعەلیمی سانەوی نیە. مەبەستم موعەلیمی سەرەتاییە.(هەموو روویانکردە وردی و پێکەنین! وردیش لەوانزیاتر پێکەنی!).

***



ئاگاداری ئەو بەرواراەین و لە پرسەکەیدا دانیشتبووین. ئەشێ نامیلکەی بلیمەت لە لاپەڕە 189 ی کتێبی ئوستادەوە ئەو بەروارە هەڵەیەی وەر گرتبێ، لە کاتێکدا هەر لەو کتێبی ئوستادەدا لاپەڕە 8 نوسراوە (دەزانم ئوستاد لە 1963/6/30 بەڕەحمەت چوە!.

هەر لەلاپەڕە 17 ی نامیلکەی بلیمەتدا، د. کەمال فوئاد ئەڵێ: مامۆستا دەوروبەری 1890 هاتۆتە دنیاوە! ئەوەش هەڵەیە، بەبەڵگەی ئەوەی سالی 1955 لەژمارە 51 گۆڤاری هەتاودا مامۆستا ئەڵێ ( دەردی پیری حالی شێواومی پەشێوتر کردوە) دە کەس لە تەمەنی 65 ساڵیدا بەوجۆرە سکالا لەدەس پیری ناکا! کەواتە ئەبێ ساڵی 1955 تەمەنی ئەو لە سەرووی 75 سالییەوەبووبێ. منیش کە سالێ 1954 بۆیەکەمجار مامۆستا بەشیرم دی، هەر وام خەمڵان کە سەروو 75 ساڵە. بەوجۆرەو بەپێی هەندێ لەوبەسەرهاتانەی خۆی ئەیگێڕایەوە، ئەبێ دەوروبەری 1879 هاتبێتە دنیاوەو لەتەمەنی 84 ساڵیدا کۆچیدوایی کردبێ.

***

بە باوەڕی من هێشتا مافی تەواو نەدراوە بەو مرۆڤە ئەفسانەییە گەورەیە! بۆیە ئەمجارە هەوڵەکانی خۆمم، سەبارەت بەو، لەم داستانەدا چڕکردەوە کە ئەشێ وەربگێڕرێت بۆ زمانێترو بشکرێت بە فلیمیی سینەمایی. گەورەپیاویش، کەلەگەڵ ئەم داستانەدا بەهەندێ دەسکارییەوە بۆجاری دوەم بڵاوی ئەکەمەوە، بکرێت بە شانۆگەری، یا بە زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی.

***

داخی گرانم، کاتی کۆچی دواییەکەی، لە سلێمانی قەدەغەی هاتوچۆبوو، رەشبگیربوو، بوار نەبوو بیبەینەوە بۆ گردی یارەی سلێمانی، سەرباری ئەوەی منداڵەکانی، شامیل و هوشام و نزار و فەوزیە، قایل نەبوون بیبەینەوە بۆ سلێمانی، بۆیە لە گۆڕستانی شێخ مارف لە بەغداد بە خاکمان سپارد. بە هیوای دەرفەتێک بۆگواستنەوەی بۆلای نەمران مامە یارەو پیرەمێرد.

کامیل ژیر- سلێمانی

لەسەر کارتی نەورۆزنامەکە، خاوەنی چاپخانەکە، شوکریی بەگرتدابوو! دوای شەش مانگ زیندانی،

شوکری لەزیندان بەربوو. . بۆ شەڕێک لەگەڵ بەشیر، هاتە سەری. دوکانەکەی داخرابوو، ئەیزانی نیوەڕوان، بۆ سەرخەوێک ئەچێتە وتێلەکە. بەتووڕەییەوە، خۆیکرد بە ژوورەکەیدا.

شوکری: تۆ بووی بەهۆی6مانگ زیندانیکردنم. ماڵی منت وێرانکرد (چەقۆیەکی دەرهێنا) هەر ئێستا تۆڵەی خۆمت لێئەکەمەوە ( بەشیرو ئافرەتێک لەژێر لێفەکە دەرپەڕین)

بەشیر: نا رۆحەکەم، خۆ من بەگرتم نەدای، وەستا گەوادەکەت، خاوەنی چاپخانەکە، بەگرتیدای، جا لەبەرئەوەی لەسەر من گیرایت، هەقت بۆ ئەکەمەوە. ئێستە وەرە تۆش جارێک بپەڕە. سبەینێش وەرە بۆ دوکان، دەستێ جلی جوانت لای ئەحمەد خەمماس بۆ بەدروون ئەدەم. بە وەهبی بێگیش ئەڵێم نامەیەکت بۆ بنووسێ بتکەن بە برینپێچ.

شوکری لەخۆشییانا شاگەشکەبوو، لەگەڵ بەشیر باوشیانکرد بەیەکداو ئەملاولای یەکیان ماچکرد.

بەشیر: من ئەڕۆم، خوات لەگەڵ دوکتۆر شوکری، دوکتۆر شوک، دوکتۆر شۆ!

هەردوکیان دایانە قاقای پێکەنین و بەشیر گەڕایەوە بۆ دوکانەکەی.

***

ڕۆژی 1959/5/1 بەبۆنەی جەژنی کرێکارانەوە، ڕێپێوانێکی نیو ملیۆنی لە بابولشەرجییەوە بە شەقامی رەشیدا تا بابولمعەزەم، لەبەیانییەوە تا ئێوارە درێژەیکێشا. بەشیر، لەو دەنگەدەنگە، تەواو هەراسانبوو! کێشای بەڕانی خۆیدا!

وردی: چییە ئەوە ؟

بەشیر: خەتای منبوو!

وەرزێر: چی؟



فەرمانگەی چاودێریی چاپەمەنی بەمەبەستی رەزامەندی بۆ چاپکردنی. ئەوانیش دابوویان بە شارەزایەک، ئەو شارەزایەش ! ماوەیەکی زۆر لای خۆی گلیدابووەوەو هەموو زانیارییەکانی لێوەرگرتبوو، دواییش بەشێوازی خۆی و بە شێوێنراوی، کردبووی بە بناغەی پەرتووکیکی ئاڵۆزو ئەنتیکەو بەناوی خۆیەوە لەچاپیدا!. خوالێخۆشبوو(م ر)ی شەهید لێی راپەڕی و وەڵامێکی خۆیئاساییانەی تەزێنەری دایەوە. منیش چەندجارێک داوای ئەنجامم لە چاودێریکرد، کەس نەیئەزانی شانۆ نامەکەی من چیی بەسەرهاتوە! دوای 20 ساڵێک، نازانم مامۆستا عەزیز گەردی لە چ کونێکدا دۆزیبوویەوە، بە برادەرێکدا بۆیناردمەوە، ماڵی ئاوابێ و سوپاسی ئەکەم.

لەو ماوەی دیارنەمانەدا، جارێکیتر شانۆنامەکەم نووسییەوە، ئەمجارە بە هۆنراوەو بەڕێز کاکە فاروق حەفید گەیاندییە سویدو ساڵی 1992 لەژێر نای(گەورە پیاو)دا، لەگەڵ 3 شانۆنامەیتردا (ئەحەی جاو، نازە، ئافرەت و نوشتە) بەهەوڵی خاتوو جوان عەبدولقادرو مامۆستا فەرهاد عەبدولقادر، لەلایەن دەزگای چاپەمەنیی رۆژ لەسوید چاپ و بڵاوکرایەوەو 10 دانەیان بۆ منیش نارد، لەگەڵ رێزو سوپاسم بۆیان. جا لەبەرئەوەی، گەورەپیاو، ئەوسا دەرفەتنەبوو لە کوردستان بڵاوکرێتەوە، پێمباشە لەکۆتایی ئەم پەرتووکەدا، جارێکیتر بڵاویبکەمەوە. راستە خاڵی هاوبەش هەیە، بەڵام خاڵی جیاوازیش، لەرووی هونەری و لە رووی بابەتیشەوە، زۆرە لە نێوانیاندا.

***

لەسەر مامۆستا بەشیر موشیر، زۆر نووسراوە، یەکێک لەو نووسینانە، نامیلکەی (بلیمەت)ەو دەزگای ئاراس ساڵی 2009 چاپیکردوە کە مامۆستا سیروان رەحیم ئامادەیکردبوو و ژمارەیەکی زۆر لە بەشیرویستەکان بەشدارییان تیاکردوە. خراویشەتە سەر (سی دی)و چەندجارێک تەلەفیزیۆن بڵاویکردۆتەوە.

لەو نامیلکەیەدا، بە هەڵە، وا نوسراوە کە کۆچی دواییەکەی بەشیر موشیر 1963/7/30بوە! راستییەکەی 1963/6/30بوە. من و وەرزێرو مستەفا سلێمان

بەشیر: ئەقتابی سەبعە

ژیر: کێوکێ؟

بەشیر: مارکس، رەفیقەکەی، لنین، ستالین، گەوادەکەی سوریا، فەهد.

ژیر: ئەوە شەش

بەشیر: کەچەڵەکەی ئێرە .. لە ئوتومبیلێکدابوون ، من زابت قوماندانییووم، ئەوان بە خفی هاتبوون، هەموویانم گرت، دەمانچەم لێراکێشان، ویستم بیانکوژم، دوایی وتم نا، ئەمانە پیاوی گەورەن، با بمێنن، نەمکوشتن..

وەرزێر: لەکوێ؟

بەشیر: لەسەر پردەکەی موسڵ

وەرزێر: ئەبێ جەڵەبیان هێنابێ!!

رۆژبەیانی: ئێ ؟

بەشیر: ئەگەر بمکوشتنایە، ئێستا ئەم هەموو شیوعیانە مێشکی سەری منیان نەئەبرد! (هەموو پێکەنین)

وردی: ئەمە هیچ راست نیە، زیاترلە سەد ساڵ تەمەنیان جیاوازە!

بەشیر: بە دینی پێغەمبەر من لەدەس ئەم وردییە نازانم چیبکەم! ئاخر هەی دیماغ، من ئەڵێم خۆم دیمن!

(بەشیر، بەتووڕەییەوە، چاپکراوەکانی وردیی لەسەر رەفەکە داگرت و فڕێیدایە کۆشی وردی) بڕۆدەی، من ئیتر کتێبی تۆ نافرۆشم، تۆ کابرایەکی عەجیبی! من ئەڵێم خۆم دیمن!

ژیر: وردی خۆت بەدەرکردن مەدە !

رۆژبەیانی: وەک کابرا!

وەرزێر: کێ ؟

رۆژبەیانی: ئەوەی چین و روسی بە شەڕداوە ( هەموو پێئەکەنن )

***

بەشیر لەدوکانەکەی بەپێوە وەستابوو، بەسەرسامییەوە ئەیروانییە هەندێ پارەی کاغەز کە بەدەستیەوەبوو. دەستیدایە گەزی خەیاتییەکەی، سوجادی



**بنوو بێخەم، ئەی پیری جوان**

**ئەی سەرۆکی هەموو کوردان**

لەکۆتاییدا، پاشاو سەرکۆمارەکان و سکرتێری ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکی بە تاجەگوڵینەیەکەوە، بەشداریی بەخاکسپاردنەکەیانکرد. دواهەم و جوانترین تاجەگوڵینەش, ئەوەبوو کە مریەم بەدەم فرمێسک و هەنسکەوە داینا!

کە خەبەرییوەوە، بەدەم غەڵدەغەڵدەوە، خەوەکەی، بەوجۆرە، وەکو رووداوێکی راست بۆگێڕاینەوە. دوا راسپاردەشی ئەوەبوو کە سوپاسنامەیەک بۆ هەموو ئەو گەورەو بەڕێزانە بنێرین کە بەشداریی رێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیانکرد! ئیتر زمانی لەگۆکەوت و چاوی لێکناو ئەو چرایەمان کوژایەوە!.

(داستانەکە تەواو)

پاشکۆی ئەم داستانە:

ئەو چرایەمان کوژایەوە، بەڵام ناوی هەرمایەوەو وەک پێنجوێنی لەلاپەڕە 78 ی نامیلکەی بلیمەتدا ئەڵێ: بەشیریزم پاشەرۆژی مرۆڤایەتییە. بەشیریزم هیوابەخشە بەمرۆڤ. هەرکە مرۆڤ باسی بەشیر ئەکات، وەکو گوڵێک ئاوی بدرێت ئەگەشێتەوە. مرۆڤ بەباسی بەشیر رەونەق و شەوق پەیدائەکات و چوونە ناو عالەمی بەشیرەوە مرۆڤ (فەنا فی البشیر) ئەبێ. فەنا فی البەشیریش تواندنەوەیە لەناو عەزەمەتی بەشیردا. ئەو تواندنەوەیە وا ئەکات مرۆڤ بچێتە حاڵەتێکی رۆحانی مەزن و فەزایەک بۆخۆی دروستکات. لەبەرئەوەیە هەر کەباسی بەشیرئەکرێ، زەردەخەنە، پێکەنین و خۆشی ختووکەی ناخی مرۆڤ ئەدا.

منیش، یەکەمجار، سالی 1969 لەشێوەی شانۆنامەیەکدا، بەسەرهاتی بەشیر موشیرم نووسییەوە. ساڵی 1971 رەشنووسەکەم دا بەبەڕێز کاک کەیفی کە ئێستا لەئەمەریکا ئەژی و ئەوسا فەرمانبەرێکبوو لە کۆمپانیای رۆنی نەباتی لە سلێمانی. ئەویش بەخەتە خۆشەکەی، پاکنووسیکردەوە. دوایی دام بە

ویستی سەرکەوێ. بەشیر گەزەکەی لێراستکردەوەو ویستی تێیسرەوێنێ. بەڵام دەستی گێرایەوە.

سوجادی: کوڕە ئەوە چیئەکەی!؟

بەشیر: زوو نەمناسیتایەتەوە، تەوقی سەرتم ئەکرد بەدوو کەرتەوە.

سوجادی: بۆ؟

بەشیر: چوار فسکولبەسەری وەک تۆ، یەکی پاکەت و شقارتەیەکیان لێکڕیم، ئەم پارە قەڵبانەیان دامێ، وامزانی چارەکە دینارن. یەکی3پەنجایی و40فلسم دانەوە!

سوجادی: کوڕە خۆ ئەمانە یەکی یەک لیرەی سوورین!

بەشیر: زۆرباشە، کەواتە قازانجمە. ئێستا لیرە بەچەندە؟

سوجادی: لیرەی چی؟

بەشیر: لیرەی لیرە.

سوجادی: لیرە جۆری زۆرە. لیرەی رەشادی، غازی، سووری، لیرەش هەیە پارەی سوورین وەک ئەوانەی داویانە بەتۆ کە نرخی هەر یەکێکیان سەد فلسە.

بەشیر: چی!؟ سەد فلس؟ (دەس ئەداتەوە گەزەکەی) تۆ هەر فسکولبەسەرێ لێرەوە هات پێمبڵێ..

سوجادی: کوڕە نەکەی! بەشکم ئەوانەبن!

بەشیر: فەرقتان نیە، فسکولبەسەر هەر فسکولبەسەرە، هەزار ئاین و ئۆین لەژێر مێزەرەکانتانایە.

ژیر هات، سوجادی بەپێکەنینەوە روداوەکەی بۆگێرایەوە.

ژیر: مامۆستا گوێی مەدەرێ، خۆت زویر مەکە، هەقت بۆئەکەینەوە.

بەشیر: نا رۆحەکەم، خۆ من هەر پەستی ئەوەنیم.

ژیر: ئەیچی؟

بەشیر: گا گا گا.

ژیر: گای جی؟



***

**هەبوو نەبوو جەنگاوەرێ**
**ئاشتیخوازێ، شەڕنەکەرێ**
**کە دیماغی ئەخستەکار**
**کۆڵێئەدا بە ئیستیعمار**
**رۆژانێکی سەفەر بەربوو**
**جەنگی یەکەم، سەرتاسەربوو**
**ئەمیش زابت قوماندانی**
**نەخێر شەڕ زۆریبۆهانی**
**بەخاکەناز کە ئەیوەشان**
**ئەیدایە بەر گوللەی ئەوان**
**بەدینی پێغمبەرو خوا**
**ئەو ئنگلیزە جۆرێ پوا**
**بە زینێکی وەها بەزی**
**لەشەرمانا، دەستی گەزی**
**بەسەرێکی شکاوەوە**
**بەبنێکی دڕاوەوە**
**ئەمجارەش هەر لەبەسرەدا**
**هەمان نووچی ئەوجارەیدا**
**وێنە زۆرە، وێنە دیارە**
**مشتێ نموونەی خەروارە**
**بەشیر واتا هەموو میللەت**
**هەم ساویلکە، هەم بلیمەت**

بەشیر: گاگوە ورگ زلەکە!

ژیر: کام؟

بەشیر: ئەوەی هەموو شەرافەتەکەی ئەوەبوو، لە ئێران ناوی ئەوڕەحمانبوو، لە سوریە وتی ناوم حەسەنە، لێرە هەژار هەژاری لێگرتووینەتەوە!

ژیر: شاعیرەکە؟

بەشیر: شاعیری چی، بڵێ شەعیر. هاتوە بەمن ئەڵێ: تۆ نە شاعیری، نە فەیلەسوف!

ژیر: ئەی تۆ وتت چی؟

بەشیر: وتم ڕۆحەکەم ئەتۆش گەوادی (هەموو پێئەکەنن)

ژیر: ئەی دوایی؟

بەشیر: دوایی دەرمکردو ناویم لە حەوتەی مژدەبەر دەرهێنا. من بەخۆم نالێم شاعیر، ئەوە جارجار لەداخی دووریی نیشتمانە کە شێعر ئەڵێم. بەڵام بۆ فەیلەسوفی، بچن لە فەیلەسوفەکانی دنیا بپرسن، بچن سیپارەی حەقپەرستی بخوێننەوە. ها وردی، بۆیان بخوێنەرەوە.

وردی: ئەمە بەرگەکەیەتی: سیپارەی حق پەرستی، اول کتیبیکی عجیبە،بەدەستی بشیر مشیر نوسراوە، بەکەلکی هەمو ساحب حق و حق شناس و حق داواکەرو حق بەدست یەت،ریگەی حقیقت نیشان ادا. نرخی شش انە - 1931.

سوجادی: جاچیە.

وردی: تۆ راوەستە، مامۆستا ئەڵێ:

تەرەفداری سیپارەی حق پەرستی

وەک شاهی جیهانبن، نەهێنن نوشستی

سوجادی: ئەمەش هیچنیە (بەشیر مۆڕەیەکی لێئەکا)

ژیر: تۆش خۆت بەدەرکردن مەدە.



**وایئەزانی لەبەرچاوە**

**بلیمەتە، گەورەپیاوە**

**ناوی هەمیشە لەبیرە**

**هەم بەشیرە ، هەم موشیرە**

★★★

**هەبوو نەبوو نەوجەوانێ**

**کامڵ و پیری موغانێ**

**پیادەڕۆیە، شۆڕەسوارێ**

**بێ کەسێ، خاوەن هەزارێ**

**ئەیوت لە جۆشی گریەمدا**

**من بووم فوومکرد بە مریەمدا**

**ڕۆمانی مریەم و بەشیر**

**لە مێژوودا ناچێ لەبیر**

**کە تیری بۆنایە کەوان**

**گوللەی بۆ خستە دەمانچە**

**زۆری نەبرد هێنایە ژان**

**کەس نەیزانی ژن یا کچە!**

**بەشیر خۆی سواری مەیدانبو؟**

**یا نێردراوی یەزدانبو؟**

**ئەوە پرسیارێکی تووش و**

**فرە ڕەهەندو ئاڵۆزە**

**وەکو فریشتەکەی مریەم**

**هەم زانیە، هەم پیرۆزە**

وردی: له لاپه‌ڕه18دا ئه‌ڵێ: زیلروح ده‌مرێ، موجودات تێکئه‌چێ، ئه‌م کیتله زه‌وییه په‌رشوبڵاو ئه‌بێته‌وه، ریزه‌کانی له‌ناو هه‌وادا ئه‌مێنێته‌وه، دوایی زه‌ڕه‌کانی یه‌کئه‌گرن، شکڵێکیتر په‌یدا ئه‌کا، له‌م حادیسه‌و واقیعه ئینقیلاب په‌یدا ئه‌بێ، به‌شه‌ر هه‌رچه‌نده به‌مردن له‌شی له‌ناو ئه‌چێ، وه‌لێ که عیلم و فه‌زیله‌ت و ئه‌خلاقی چاکیبوو، ناوی هه‌ر ئه‌مێنێته‌وه، ناوی به‌چاکه یادئه‌کرێ، عیلم به ته‌حسیل په‌یدا ئه‌بێ، ئه‌خلاقی چاکه به مقابه‌له‌ی نه‌فس و ته‌حه‌کوم له‌سه‌ر نه‌فس په‌یدائه‌بێ، ته‌حسیلی عیلم ئاسانه، به‌ڵام موته‌خه‌لیقبوون به ئه‌خلاقی چاکه زۆر زه‌حمه‌ته.

سوجادی: ئێ ئێ، به‌ڕاستی به‌رزه، ئه‌ی ئافه‌رین سه‌رۆکی گه‌وره.

ژیر: چاوت لێیه سیپاره‌ی حه‌قپه‌رستی چون وایلێکردی دان به حه‌قدا بنێی!؟

سوجادی: کوڕه ئه‌گه‌ر فریای خۆم نه‌که‌وتمایه، منیشی ده‌رئه‌کرد! (هه‌موو پێئه‌که‌نن)

***

وه‌رزێر: مامۆستا، ژیر به‌ته‌مایه بچێ بۆ سویسرا، له‌ئه‌سته‌موڵ بۆماوه‌ی هه‌فته‌یه‌ک لائه‌دا، ئه‌گه‌ر راسپارده‌یه‌کت هه‌یه بۆ مریه‌م، پیا بنێره.

وردی: نه‌که‌ی مامۆستا!

به‌شیر: بۆ؟

وردی: ژیر گه‌نجه‌و هێشتا ره‌به‌نه، کێئه‌ڵێ ئه‌میش وه‌ک ئه‌و کابرایه ناکا که ناردیان بۆ خوازبێنی کچێک، هاته‌وه وتی: تا بۆخۆمم جێبه‌جێکرد، قیر وتی چه‌ق!

به‌شیر: ئافه‌رین وردی، شاره‌زاو وردی!

***

له دوکانه‌که‌ی دانیشتبوو، سه‌یری رۆژنامه‌یه‌کی ئه‌کرد. وه‌رزێرو ژیرو وردی هاتن.

وه‌رزێر: مامۆستا ئه‌وه چی ئه‌خوێنیته‌وه؟



داستانه‌که‌م بگه‌یه‌نن به نه‌وه‌کانی داهاتووی نه‌ته‌وه‌که‌م. وه‌سێتبێ هه‌ر له‌سه‌ر رێبازی کوردایه‌تی برۆن و هیچیتر، وه‌سێتبێ: بمبه‌نه‌وه سلێمانی و له‌گردی مامه یاره بمنێژن. لێره هه‌رچۆنێبێ به‌زیندوێتی له‌گه‌ڵ ئه‌م قه‌ومه ئیداره‌مکرد، به‌مردوێتی له‌گه‌ڵیان ئیداره ناکه‌م. هیلاکم! ئه‌مرم! بمگه‌یه‌ننه ماڵی فه‌وزیه‌ی کچم.

وه‌رزێر: ئه‌ی بۆ نه‌تبه‌ینه‌وه ماڵه‌که‌ی خۆت!؟

به‌شیر: نا رۆحه‌که‌م، من خانوه‌که‌ی خۆمم به‌خشیوه، کردوومه به خه‌ڵاتی به‌شیرا ! ئه‌ترسم بمرم و فریانه‌که‌وم تۆماریشی بکه‌م بۆ ئه‌و خه‌ڵاته.

به‌په‌له گه‌یانمانه ماڵی فه‌وزیه‌خان و هه‌موو رۆژێک سه‌ردانمان ئه‌کردو به‌دیاریه‌وه دائه‌نیشتین. دواڕۆژ چوه خه‌وێکی قووڵه‌وه. له‌خه‌ویا مردنه‌که‌ی خۆی به‌مجۆره بینی: رۆژنامه‌و رادیۆو ته‌له‌فیزیۆنه‌کان هه‌واڵی مردنه‌که‌یان وه‌ک سه‌رۆکی کورد بڵاوکرده‌وه. تیپی ته‌پڵ و مۆزیکی سه‌ربازی، یاوه‌ریبوو تا گۆڕستان. له‌سه‌ر گۆڕه‌که‌ی، ژیر ئه‌م هۆنراوه‌یه‌ی خوێنده‌وه:

هه‌بوو نه‌بوو پیرێ هه‌بوو

**دره‌نگ هات و زوو له ده‌سچوو**

**ئه‌م لاوه ئه‌م گه‌وره پیره**

**ئه‌م ساویلکه دانا و ژیره**

**هه‌ژارێبو، ساماندارێ**

**بێ سه‌وادێ، خوێنده‌وارێ**

**کێشه‌ی نه‌بوو، خه‌می هه‌بوو**

**نه دوویه‌کی قسه له‌ڕوو**

**له خۆبایی، به‌بێ هه‌وا**

**گه‌دایه‌کبو، فه‌رمانڕه‌وا**

**ڕاستی له‌ناو درۆیابو**

**ڕه‌ش و سپی له خۆیابو**

بەشیر: ڕۆژنامە. ها تۆش ئەمە بخوێنەرەوە، با وردیش گوێیلێبێ و ئیتر ئەوەندە نەڵێ ویستم ژن بێنم و هەردەستیشی ناکەوێ! (ویستم ژن بێنم-ناونیشانی نامیلکەیەکی وردییە).

وەرزێر: ئەمە ڕۆژنامەی بڕوایە، ژمارە7ڕۆژی 1960/9/10 لاپەڕە4 لە هێڵگا هینیک لە ئەڵمانیاوە:

بۆ کاکێ بەڕێز مامۆستا بەشیر موشیر

لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا هۆنراوەیەکی وەرگێرراوتم خوێندەوە، وامهەست ئەکرد ئەو هۆنراوەیەی هایتریش هاینەی هۆنیاری مەزنی ئەڵمانی ئەخوێنمەوە کەلە کۆتاییەکەیدا ئەڵێ:

چەند خۆشە دەنگێ

کە بڵێ

بەڵێ خۆشم ئەوێێت

پاشئەوەی ناوم زانیت و زانیم کە لە بەغداد ئەژیت، زۆر سەرسام مام. وەکو لەقوتابییە کوردەکانیشم بیست، سەرۆکی کوردیت.

پێش ماوەیەک لە ئیستگەی بەغدا ناوی تۆمان بیست . قوتابییە کوردەکان زۆریان پێخۆشبوو.

من کچێکم لەتەمەنی 21ساڵیدام، لە ئەڵمانیای دیموکرات ئەژیم، لەیەکێ لەڕۆژنامەکاندا کارئەکەم. تکایە هەندێ لە هۆنراوەکانت بنێرە بۆتبڵاوبکەینەوە لەگەڵ دەنگوباسی کۆماری عێراق. لەنامەی دوەمدا باسی ئەڵمانیات هەموو بۆئەنووسم، ئەگەر بە ئەڵمانی نامەت بۆنانووسرێ، بێ وەستان بە ئنگلیزی بینووسە.

لەدواکاتدا خۆشیت پێویستە.

هیڵگا هینیک

بەشیر: نامەیەکیتریشم لە کچە هاوڕێیەکی هیڵگاوە بۆهاتوە.

وەرزێر: ناوی چیە؟



بەشیر: دیسان داماو!؟ ڕۆحەکەم داماو ئێستە منم.

سوجادی: نا، داماو منبووم کە بەزۆر، زیافەتێکی گەورەت پێکردم!

مەجید: دەستت بنووقێنە (دەرزییەکیکەی پیائەکا) بەشیر هاواری لێهەڵئەسێ.

وردی: داماو منبووم، کە تووڕە ئەبووی، کتێبەکانی منت فڕێئەداو ئەتوت ئیتر کوردایەتی ناکەم، منیش نەمئەوێرا قسەبکەم.

مەجید: ئەمانە دوورخەرەوە، لەبەر قسەکردنی ئەمانەیە دەمارەکتم بۆ نادۆزرێتەوە.

بەشیر: ڕۆحەکەم قسەمەکەن.

مەجید: هەستە سەرپیان، دەمارەکەت دەرناکەوێ، ئەڵێی دەماری تیانیە!یا هی ئەم هەمووتووکەیە بەقوڵتەوە!یا هی ئەوەیە دانیشتبووی (دەرزیەکیکەی پیاچەقان) نەبوو نەبوو، دانیشە، هی ئەوەیە بەپێوەی (هەموو دەسئەکەن بە پێکەنین)

وەرزێر: کاک مەجید ئەڵێن دەرزییەکت لە ژێر زمانی دایکت داوەو کوشتووتە!

بەشیر: چی!؟

مەجید: درۆیە. ئەوە درۆی دوکتۆرەکانە، چونکە من لەوان زیاتر ئەزانم. بەغیلیم پێئەبەن.

بەشیر: نامەوێ، باڵم بکەرەوە، دەرزیم ناوێ.

مەجید: تۆ سەبرتبێ،با ئەو تووکانە هەڵکەنم، هەستە سەرپیان، قاچێکت بەرزکەرەوە، قاچەکەیکەشت بەرزکەرەوە (هەموو ئەدەنە قاقای پێکەنین) دیسان کەوتنەوە پێکەنین! تۆ پاڵکەوە.

بەشیر: چی!؟ بۆتۆ گا سەرئەبڕی!؟ هەی شەیتان.

مەجید کە گوێی لە وشەی شەیتانبوو، تووڕەبوو، شتەکانی پێچایەوەو ڕۆی.

ژیر: مامۆستا ئەو شەیتانە بەهیلاکی بردی!

بەشیر: نا ڕۆحەکەم ، هەرخۆم هیلاکم. پەرێشانم، ئەمرم، وەسێتبێ: کەس سندووقەکەم نەکاتەوە، جەمالەدین نەبەز نەبێ. وەسێتبێ: ناوم ون نەکەن،

بەشیر: ڤیلْترا وود لۆدڤیک.
وردی: ئەو ئەڵێ چی؟
بەشیر: بە تۆی ناڵێم فێڵباز!
وردی: دەسمان بەلایەکت!
ژیر: ئەیچۆن! جارێ چیتدیوە!؟ نەبەز بۆینووسیوم ئەڵێ لە جنێڤیش مادام برۆنزینۆ، خۆیداناوە بۆ مامۆستا!
وەرزێر: ئەی کوا نامەکان؟ کێ هێنانی؟
بەشیر: پۆستە ، بەئەڵمانی نوسراون، بۆیان وەرگێڕام (دوو زەرفی دایە دەستی)
وەرزێر: ئای! خۆئەوە هیچ ناونیشانێکیان لەسەرنیە! هەر نوسراون- بەغداد بەشیر موشیر! چۆن گەیشتن!؟
بەشیر: رۆحەکەم، ناونیشانی بۆچیە. هەموو کەس ئەمناسێ و ئەزانێ من گەورەی کوردم.
وەرزێر: ئەی هۆنراوەت بۆناردن؟
بەشیر: خۆم ئەڕۆم.
وەرزێر: بۆکوێ؟
بەشیر: بۆئەڵمانیا. نامەیەکیترم بۆهاتوە، بانگکراوم بۆ کۆنگرەی هەشتەمی خوێندکارانی کورد لەشاری مینشن.
وردی: هەستن بابڕۆین ، زۆری پێیەو کەمی دەرئەخا! ( هەموو رۆیشتن).
بەشیر کەوتە دەریای خەیاڵەوە. خۆی لەفرۆکەخانەی بەغداد بینییەوە، فرۆکە هەستا، لەناو فرۆکەکەدا، باجییە جوانەکانی ناو فرۆکەکە خزمەتگوزارییان پێشکەشئەکرد. بەشیر یەکێکیانی لێبوو بە مریەم. زووزوو بۆی پێئەکەنی. گەیشتنە فرۆکەخانەی مینشن. بە دەیان خوێندکاری کورد پێشوازییان لێکرد. لەدەرەوەی فرۆکەخانەکە، زیاد لە پەنجا ئۆتۆمبێلی مارسیدس چاوەڕوانیانئەکرد.سەدان خوێندکار بە گوڵباران پێشوازییانلێکردو خستیانە ئۆتۆمبێلێکی سەربەرەڵاوە. هێلْگا هاتە تەنیشتییەوەو لێیبوو بە مریەم



-وەرە جەلاد، ئەمە شێتە!دوای لێدانێکی باش، با بڕوا وەلبێ، خۆی ئەمرێ. بیکەن بە وانەیەک بۆ هەموو کوردێک، جاشبێ یاباش، دۆستبێ یادوژمن، *عێراقچیبێ یا جیاخواز.*
لەدواوە دایانە بەردار، بەشیر کەوت و بوورایەوە. کە هۆشیهاتەوە، داوای ئاوی کرد. بەو گەرمای بەغدایە، ئاوی گەرمیان دایە! نەیخواردەوەو رشتی و پەرداخەکەی تووڕدا. دایانە بەر لەقە.. دیسان بوورایەوە!.. کەزانیان هیچی لێهەڵناکرێنن و ترسی مردنیشی هەبوو، بەرەڵایانکرد
( دیارە پرسیارو وەڵامەکان بەعەرەبییبوون)
ئا بەوجۆرە، هەمووی بۆگێڕاینەوە، وتیشی کەبردمیان، ئەمبەرو ئەوبەر، پۆلیس وەستابوون، ئەیانوت ئەوە سەرۆکی کوردە!.
***
گەڕایەوە سەر دوکانەکەی. ئێمەش وەک جاران لێیکۆبووینەوە، بیئەوەی بزانین باری تەندروستیی زۆرخراپە! پزیشک هەندێ دەرمانی بۆنووسیبوو، دوایی بۆیکرد بەدەرزی. وردی چوو مەجیدی هێنا بۆئەوەی دەرزییەکانی لێدا.
مەجید: ئەمانە دەرزیی چاکن، هی دەمارن. هەموو کەس ناتوانێ دەرزیی دەمار لێدا، من لەدوکتۆرێک زیاتر ئەزانم، قۆڵت هەڵکە ..قۆڵێکی جوان و بێ تووکت هەیە! .( سوجادی هاتە بەر دوکانکە)
سوجادی: ئەوەچیە ئەڵێی قۆڵت بۆ گیپەخواردن هەڵکردوە!؟
بەشیر: دەفەرموو دەی، ئەمیش خەیاڵی لای گیپەیە!
سوجادی: کەواتە خۆت بۆشەڕەبۆکس ئامادەکردوە لەگەڵ ئەو فسکولبەسەرانەدا کە دەستیان بڕیت؟!
بەشیر: ئاش لەخەیاڵێ و ئاشەوان لەخەیاڵێ!
مەجید بەپەتێک قۆڵی ئەجەڕێنێ و چەندجارێک دەرزییەکەی پیائەکا، بەشیر لەتاو ئازار، گرژ ئەبێ. گیو، پەیدائەبێ، بێئاگا لەگرتنەکەی بەشیرو باری تەندروستییەکەی.
گیو: دوو کتێبی ونبووی داماوم دۆزیەوە.

.بەشەقامەکاندا ئەکشان بەرەو هۆڵی کۆنگرە. هەردوکیان دەستیان رائەوەشان بۆ ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە. لەبەردەم هۆڵی کۆنگرە بەچەپڵەڕێزان پێشوازیکران. دوو خوێنکار ئەم باڵ و ئەوباڵیان گرت بۆئەوەی دایبەزێنن..لەم کاتەدا بەشیر لەوە بەئاگاهات دوو حەرەس قەومی، پەڕینە سەر دوکانەکەی و ئەمباڵ و ئەوباڵیانگرت و رایانکێشا بۆ ناو ئۆتۆمبێلێک و بردیان بۆ زیندان!

***

لە زیندان، رۆژی یەکەم فڕێیاندایە ژوورێکی تەنیاوە.. کەوتە دەریای خەیاڵەوە، بینیی میللەت هەمووی هەستاوە، لەهەموو کونجێکەوە، بەبەرزکردنەوەی وێنەی ئەوەوە، خۆپیشاندانە بۆ بەربوونی ئەو. رادیۆو رۆژنامە جیهانی و ناوخۆییەکان باسی گرتنەکەی ئەو ئەکەن و وەک سەرۆکی کورد ناوی ئەبەن..

چونکە برسێتی زۆری بۆهێنابوو، بەدەم ئەو خەیاڵەوە هەر سکی خۆی هەڵئەگوشی .. مریەم هاتە پێشچاوی ، دەستێکی بە چەپکێ گوڵەوەو دەستەکەیتری بە سینییەک خواردنی جۆراوجۆرەوە .. بەشیر لە دەنگی کردنەوەی دەرگای ژوورە تاریکەکەی زیندان، بەئاگاهاتەوە. دەرگاوانەکە، سەموونێکی رەقی بۆهەڵدا!. دوای خواردنی سەموونەکە، پێشنیارێکی ژیری بیرکەوتەوە کە وتبووی: خانوەکەت بکە بە وەقف، دوای خۆت، کرێی ساڵانەی بکرێ بە خەڵاتێک بۆ سەرکەوتووترین خوێنکاری ئامادەیی کوردستان، وەک خەڵاتی نۆبڵ. ناویشی بنرێ خەڵاتی بەشیرا، لەسەر کێشی دوکتۆرا..شەو کە نوست، خۆی لە کۆبوونەوەیەکی کەرتی پەروەردەدا بینییەوە لەئاهەنگێکدا بەبۆنەی بەخشینی خەڵاتی بەشیراوە. خەڵاتەکەی بەخشی و چەپڵەیەکی زۆری بۆلێدرا.

رۆژی دوەم،لەزیندان، کەوتنە لێکۆڵینەوە لەگەڵی:

-ناوت؟

+ بەشیر

-باوکت؟



+سلێمان

-تەمەنت؟

+84ساڵ

-بڕوانامەت؟

+کۆلێجی ئەرکان ،موشیر روکن

-کارت؟

+سەرۆکی کورد، وە *عیندەلایجاب گەورەی بەرگدروان*

-لە چ حیزبێکیت؟

+هیچ

-ئەی چۆن لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە بەفەردە نامەت بۆدێ؟ ئەو هەموو خەڵکە بۆ رووئەکنە دوکانەکەت؟

+چونکە سەرۆکی کوردم

-چی! ئەی کە سەرۆکی کوردیت، چۆن ئەڵێی لەهیچ حیزبێکدا نیم!؟

+کوڕم، سەرۆک سەرۆکی ئەبێ سەرۆکی هەموو میللەتبێ، کە لەحیزبێکدابوو، ئەبێ بە سەرۆکی تەنیا ئەو حیزبە، نەک میللەت. سەرۆک، ئەبێ دووربێ لەبەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە، دەسپاک و بەخشندەبێ. من تەنیا خانوویەکم هەبوو، ئەویشم کرد بە خەڵاتی بەشیرا !!

-تۆ پێمانڕائەبوێری و ئەتەوێ بمانخەڵەتێنی !؟ ناوی حیزبەکەو هاوڕێکانتم پێنەڵێی، بە جگەرە پشتی دەستت ئەسووتێنم، هەڵتئەواسم، نینۆکت دەرئەهێنم، چاوت هەڵئەکۆڵم، باڵەکانت ئەپەڕێنم، دواجاریش ئەتخەمە حەوزی تێزابەوە (هەندێ باڵی پەڕیو و سەری براوی پیشاندا)

+ئەبم بە شەهید، ئەوە نەمرییە بۆ من.

-گوو بخۆ

+ئنچەب، گوو بەدەمی خۆت ،ئەدەبسز، گەواد.